# ئەفسانەی صەلاحوددین

## پاڵەوانێکی نەتەوەیی کوردی، یان سەرکردەیەکی موسوڵمانی سوننی لە بنەماڵەیەکی دیمەن تورکمانی-عەرەبی؟!

**سەروەر پێنجوێنی**

توێژەر لە بەشی توێژینەوەی ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

# پوختە

صەلاحوددین کەسێتییەکی ئەوەندە درەوشاوەیە، کە ڕووناکیەکەی کەسێتیی واقیعیی خۆیی داپۆشیوە. سەرسامبوون بەم کەسێتیە زۆربەی کات و لای زۆربەی خەڵك جێی هەموو تێڕامان و هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی بێلایەنانەی کەسێتیەکەی و کارەکانی گرتووەتەوە. ئەمەش کەسێتیەکەی کردووەتە کەسێتییەکی ئەفسانەیی یان ـ ڕاستتر ـ نیمچە-ئەفسانەیی semilegendary، بەو واتایەی کەسێتیەکەی لە زەینی خەڵکدا لەگەڵ کەسێتیە واقیعیەکەی لە مێژوودا بە وردەکاریەکانیەوە جیاواز دەردەچن. بۆیە واقیعیکردنەوەی ئەم کەسێتیە پێویستییەکی هۆشیاریی مێژووییمانە. هەر ئایدیۆلۆجیایەکی ئایینی و نەتەوەییش چاوەڕوانیی خۆیی لە کەسێتیەکە و هێماسازیەکەی هەیە و فرمانسازی و بەگەڕخستنی خۆی هەیە بۆی، و هەر لایەنێك بە مەبەستێك خۆی بە «نەوەی صەلاحوددین» دەزانێت، کە یەکالاکردنەوەی ئەم بەگەڕخستنە ئایدیۆلۆجیاییانەش تەواوکەری هەوڵەکەمانە بۆ بیناکردنەوەی شێوەی مێژوویی واقیعیی کەسێتیەکە.

**کلیلە وشەکان:** صەلاحوددینی ئەییووبی، ئەییووبیەکان، کەسێتیی نیمچە-ئەفسانەیی، هێرشە خاچیەکان، توندوتیژیی مەسیحی-ئیسلامی، بیری نەتەوەیی عەرەبی، بیری نەتەوەیی کوردی، تەوژمی ئیسلامیی کوردی، ئیسلامی سوننی.

# پێشەکی


## ئەفسانەی (صەلاحوددین)، و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانە

ئەفسانەی صەلاحوددین کە زیاتر لە خۆرئاوا (ئەورۆپا) شێوەی گرتووە و لە خۆرهەڵاتیش ڕەگوڕیشەی هەیە؛ ئێستە کاتیەتی شیتەڵ بکرێت و ئەم ئەفسانەیە تێكبشکێنرێت، و ئەوەی ئەفسانەییە و ئەوەی واقیعی و مێژووییە لە ژیاننامەکەی و ڕۆڵی هەرەگرنگی لە قۆناغە مێژووییەکەی خۆیدا؛ جیابکرێنەوە، و سەرچاوەکان و سەرەداوەکانی پشتی دروستبوونی ئەم کەسێتی/ئەفسانەیە بدۆزرێنەوە و ملکەچی ڕەخنەسازییەکی مێژوویی و زانستی بکرێن.

بەتایبەتی کە هەوڵێکی ناوازە بەم ئامانجە دراوە، کە لێکۆڵینەوەکەی خاتوو (ئان-ماری ئێدێ) -Anne Marie Eddé (١٩٥٠-)ـیە، پرۆفیسۆری مێژووی عەرەب لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە زانکۆی ڕێنیس لە فرەنسا، هەر بە ناوی Saladin (چاپی یەکەم: پاریس، ٢٠٠٨)، کە بایۆگرافیایەکی ڕەخنەیی و ژیاننامەیەکی نوێیە بۆ صەلاحوددین (زیاتر لە ٧٦٠ لاپەڕەیە). دواییش لەلایەن وەرگێڕی بەتوانا خاتوو (جەین مەری تۆد) Jane Marie Toddـەوە (هەڵگری دۆکتۆراتی ئەدەبی بەراوردکاری، و خاوەنی زیاتر لە ٩٠ وەرگێڕان) کراوە بە ئینگلیزی (چاپی زانکۆی هارڤارد، ٢٠١١).



خاتو ئان-ماری ئێدێ، پرۆفیسۆری مێژووی عەرەب لە سەدەکانی ناوەڕاستدا




کتێبی «صەلاحوددین»ی (ئان-ماری ئێدێ)، (٢٠٠٨)

توێژەر، کە پسپۆڕی بوارەکەیە و پێشتر چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر مێژووی ئەییووبیەکان ـ و هەروەها خاچیەکان ـ ئەنجام داوە و هەندێك دەقی مێژوویی تایبەت بەوانی وەرگێڕاوە بۆ فرەنسی؛ لەم کارە ناوازەیەدا هەوڵی داوە ئەو نووسراو و لێکۆڵینەوانەی پێشوو تێپەڕێنێت کە لەسەر ئەم کەسێتیە بەرهەم هاتوون، و زۆربەیان زیاتر ڕۆمانتیکین و کەمتر واقیعین، یان هەڵگری گرفتی تری وەکوو لایەنداری و دەمارگیرین، یان ژیاننامەی تەواو نین کە بتوانن هەموو لایەنێکی ئەو کەسێتیە ڕوون بکەنەوە و واقیعی ژیانی صەلاحوددینی مرۆڤ بخەنە بەر چاو بەبێ فریوخواردن بە وێنەی ئەفسانەیی و ڕۆمانتیکیی ئەو کەسێتیە کە سەرچاوە و دابونەریتە جۆراوجۆرەکان کێشاویانە بۆی. لە هەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بێت کە کار و کردەوەکانی صەلاحوددین لە چوارچێوەی سەردەم و قۆناغی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆی شیبکاتەوە نەك بکەوێتە داوی دادگاییکردنی لە ڕوانگەی کولتووری نوێ و سەردەمی نوێوە. بۆیە ئەم کتێبە تەنها گێڕانەوە و نووسینەوەی مێژوو نیە و بایۆگرافیایەك نیە کە بچێتە خانەی ئەدەبیاتەوە، بەڵکو نهێنی و سازش و کەین و بەینەکانی پشتی ڕووداوەکانیش ڕوناك دەکاتەوە. بۆیە کۆمەڵێك لایەنی سەرنجنەدراو و لەبیرکراو و داپۆشراوی صەلاحوددین دەخاتە ڕوو کە کەسێتیەکە دەباتەوە قاڵبی خۆی و چوارچێوەی واقیعی و مێژوویی خۆی. کتێبەکە لە کاتی خۆیدا دەنگدانەوەی زۆری هەبووە، و چەندان خوێندنەوە و خستنەڕووReviewی باشی بۆ کراوە و بەڵکوو کۆنفرانسی بۆ گیراوە. ئێمەش لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا سەرەداو و ڕێنمایی گرنگمان لەم کارە ناوازەیەوە


پێ‌گەیشــتووە، و بەرچاوڕۆشــنیمان لــە میتــۆد و ڕێبازەکــەی وەرگرتــووە.

ئـەوە؛ جگـە لـە هەندێـك كار و بەرهەمـی پێشـەنگ و نوێـتر، وەکـوو کتێبـی « صەلاحوددیـن: ژیـان، و ئەفسـانە، و میراتــی» Saladin: Life, Legend, Legacy، نووســینی (جــۆن مــان) John Man، چاپــی ٢٠١٥. و کتێبــی «ژیــان و ئەفســانەی ســوڵتان صەلاحوددیــن» The Life and Legend of the Sultan Saladin ، نووســینی (جۆناثـان فیلیپـس) Jonathan Phillips، چاپـی زانکـۆی یـاڵ، ٢٠١٩. ئـەم دوو کارەش وەکـوو کارەکـەی خاتـوو (ئێـدێ) کاری بایۆگرافیایـی شـیکارین و هەوڵیـان داوە وێنـەی واقیعیـی کەسـێتیەکە و سـەردەمەکەی و ڕۆڵـە مێژووییەکـەی لـە نزیکـەوە بینابکەنـەوە.

پێشــتریش لێکۆڵینەوەکــەی مێژوونــووس و گەڕیــدە و ئینســایکلۆپیدیایی و ئەدیبــی شــیعەی لوبنــان حەســەن ئەل-ئەمیــن (حســن الأمــین) (١٩٠٨-٢٠٠٢)، «صــلاح الديــن الأيــوبي، بــين العباســيين والفاطميــين والصليبيــين» (بەیـروت: ٢٠٠٤)، هـەر بـەم ئامانجـە کاری کـردووە، و زۆر لایەنـی گرنگـی ژیاننامـە و کارەکانـی صەلاحوددینـی هەڵمالیـوە، بەتایبەتـی ئـەوەی پەیوەندیـی بـە لایەنـی سیاسـی و مەزهەبیـەوە هەیـە، وەکـوو ئـەوەی چـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ شـیعە و ـ بەتایبەتـی ـ فاطیمیەکانـی میـصر کـردووە، و چـۆن لەگـەڵ هێـزە مەسـیحیەکان (خاچیــەکان) ســازش و مامەڵــەی کــردووە بەتایبەتــی دوای گرتنــەوەی ئەل-قــودس، و چــۆن لــە هەوڵــی بەرژەوەندیـی دەسـەڵاتی خـۆی و بنەماڵەکەیـدا بـووە تاکـوو ئامانجـە گـەورەکان.



مێژوونووس و گەڕیدە حەسەن ئەل-ئەمین




کتێبــە ڕەخنەییــە ناوازەکــەی حەســەن ئــەل-ئەمیــن دەربــارەی کەســێتیی صەلاحوددیــن

هەرچەنـد ئێمـە ناکرێـت لـە لێکۆڵینەوەیەکـی ئـاوا کـورت و سـەرپێییدا تەمـای ئەوەمـان هەبێـت یـان لافـی ئـەوە لـێ بدەیـن کـە ئێمـەش ژیاننامـەی صەلاحوددیـن دەنووسـینەوە، یـان هەتـا بتوانیـن هەمـوو ئـەو لایـەن و باسوخواسـانەی خاتـوو (ئێـدێ) و مێژوونـووس و توێژەرانـی تـر لـە دەرگایـان داون ئێمـەش بەدوایانـدا بچیـن، بەڵکـوو ئامانجەکـە تەنهـا ڕاکێشـانی سـەرنجە بـۆ هەندێـك لایەنـی گرنگـی کەسـێتیەکە، بەتایبەتـی ئـەوەی بـۆ خۆمـان، وەکـوو کـورد، بایەخـی زیاتـری هەیـە، چاوەڕوانیەکانـی خۆمـان لـەم کەسـێتیە و ڕۆڵـە مێژووییەکـەی.

## سەرچاوەی دروستبوونی ئەفسانەکە

گومـان لـەوە نیـە کـە کەسـێتیی صەلاحوددیـن، وەکـوو دەسـەڵاتدارێك و سـەرکردەیەکی جەنگیـی ئـازا و خۆڕاگـر و لێهاتـوو و لـە هەمـان کاتـدا بەویـژدان و خاوەنهەڵوێسـت؛ ڕەگوریشـەی مێژوویـی تـەواوی خـۆی هەیـە، بـەڵام جگـە لـەوەش کۆمەڵێـك هـۆکار وایـان کـردووە کەسـێتیەکەی لـە ئەفسـانە نزیـك ببێتـەوە و زیادەڕەوی بکرێـت لـە سـتایشکردنیدا، تـا ڕادەی پیرۆزکـردن، هـەر لایـەك بـە پاڵنەرێـك، بـەم شـێوەیەش چەنـد لایەنێکـی پرشـنگدار و چەنـد دەسـکەوت و کارێکـی گـەورەی تیشـکی زیاتـری خراوەتـە سـەر (بەتایبەتـی گرتنـەوەی شـاری ئەل-قـودس و سـەندنەوەی لـە خاچیـەکان)، و ئەمـە زاڵ بـووە بەسـەر وێنـە زەینیەکـەی کەسـێتیەکەیدا، لەگـەڵ ئـەو وەسـف و ستایشـە زۆرەی کـە بـۆ هەڵسوکـەوت و خووڕەوشـتی بـەرز و «پیاوەتـی» و سـوارچاکی

«فروسیة»ی کراوە، کە بێ گومان بەشێکی زۆری ڕاستە، چونکە ئەوانەی بەو شێوەیە ستایشیان کردووە؛ خۆیان لێیان بینیوە، بەڵام ئەمانە هەر ئەوانەن کە سەر بە خۆی بوون یان سەر بە لایەنەکەی خۆی بوون، بۆیە سروشتیە کە صەلاحوددین لەگەڵیاندا نەرمونیان بووە و خۆشەویست بووە لایان، هەر بۆیە دەگونجێت زیادەڕەوییشیان تێدا کردبێت، شاعیر هەبووە (وەکوو ئیبن ئەل-تەعاویذی) لە بەغدادەوە قەسیدەی گەورەی ناردووە بۆ ستایشکردنی. ئیتر سەرجەمی ئەمانە ئەو کەسێتیەیان دروست کردووە کە لەبریی تێڕامانی ڕەخنەیی بە سەرسامی و ستایش پێشوازی دەکرێت.

جا ڕەگوریشە و سەرچاوەی دروستبوونی ئەم ئەفسانەیە، ئەم کەسێتیە کە تەنها سەرسامی بەجێدەهێڵێت و هیچ تێبینییەك ناورووژێنێت و پێداچوونەوەیەک هەڵناگرێت؛ کۆمەڵێك فاکتەرن کە پێکەوە ئەو کارەیان کردووە، و لەژێر ڕۆشنایی بایۆگرافیا ڕچەشکێنەکەی (ئێدێ)دا بۆ صەلاحوددین، بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١. پاڵنەری لایەنە ئەوروپاییەکە:

ئەفسانەی صەلاحوددین زووتر لە خۆرئاوا دروست بووە، کە کار گەیشتووە بەوەی هەندێك لە نووسینە ئەوروپاییەکان وایان لە کەسێتیەکەی کردووە وەکوو «قیددیس»ێکی مەسیحی دەربکەوێت! وا هەست دەکەیت وەسفی قیددیسێکی مەسیحی دەکەن! بەڵکو هەندێکیان لەوەش زیاتر ڕۆیشتوون کە گوایە لە کۆتاییدا و لەسەر جێگەی مردن و پێش ئەوەی بمرێت؛ بووەتە مەسیحی! بۆ ئەوەی بەتەواوی ببێتە قیددسێکی مەسیحی!




پۆرتریتی صەلاحوددین، نیگاری Cristofano dell’Altissimo، ئیتالیا، دەوروبەری ١٤٩٠ـەکان

ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە چـۆن دروسـت بـووە؟ ئەورۆپاییـەکان چـی کارێکیـان بـە وێنەیەکـی لـەم شـێوەیە بـۆ صەلاحوددیـن هەیـە؟

## دوو لایەنی هەیە:

ا. دوای ئـەوەی صەلاحوددیـن لـە چەنـد ڕووبەڕووبوونـەوە و بەریەککەوتنێکـدا خاچیەکانـی شـکاند، بەتایبەتـی کـە شـاری ئەل-قودسـی لـێ سـەندنەوە؛ بیـری مەسـیحیی ئەورۆپایـی و دەروونـی مرۆڤـی مەسـیحیی خۆرئاوایی لـەم حاڵەتـەدا پێویسـتیی بـەوە هەبـوو هەسـتی ناخـۆش و بەئـازاری ئـەو شکسـتخواردنە لەسـەر دەروونـی خـۆی سـووك بـکات، بۆیـە بـە دەسـتی خۆیـان نەبـوو کـە وێنەیەکـی شـکۆداریان بـۆ صەلاحوددیـن کێشـاوە وەکـوو پیاوێکـی خانـەدان و سـەلار و لێهاتـوو، و بەڵکـو دیمەنـی قیددیسـێکیان پـێ داوە. هەمـووی بـۆ ئەوەی شکسـتەکەیان بـۆ پەردەپـۆش بـکات و پاسـاوی بـدات کـە ئـەم پیـاوە خانـەدان و شۆڕەسـوار و «نوورانـی» و خـاوەن پشـتیوانیە خواییەیـە کـە تووشـی هاتـوون، ئەمەیـە کـە شکسـتی پـێ خـواردوون، و ئیـتر هـەر هێـز و لایەنێکـی تریـش بوایـە لـە بەرامبەریـدا شکسـتی دەخـوارد. ئـەم شـێوازە لـە لێکدانـەوە توانیویەتـی دەروونیـان تیـمار بـکات، شـێوازێکی دەروونیـی سـەرکەوتووە بـۆ ئـەوەی نـە خۆیـان و نـە ئایینەکەیـان بـەر گومـان نەکەوێـت، بـۆ ئـەوەی وا دەرنەکەوێـت کـە سـەرچاوەی شکسـتەکە لێنەهاتوویـی خۆیـان یـان ئایینەکەیـان و ئـەو خاچەیـە کـە هەڵیانگرتـووە و پشـتیوانیی لـێ نەکـردوون!

هەمیشـە ئـەم جـۆرە لێکدانـەوە ئەفسـانەییانە ئامـادەن بـۆ پاسـاودانی شکسـتێك کـە ناویسـترێت دانـی پێـدا بنرێـت. وەکـوو چـۆن کاتێـك ئیمپراتـۆری بیزەنتـی (هێراکلیـوس) Heraclius (٥٧٥-٦١٠-٦٤١ ز.) و سـوپاکەی لـە سـووریا لـە بەرامبـەری سـوپای عەرەبی-ئیسـلامیدا، لـە جەنگـی (ئەل-یەرمـووك)، سـاڵی (٦٣٦ ز.)، شـکا و ئـەم بەشـەی ئیمپراتۆرێتیەکـەی لەدەسـتچوو، کـە ئەمـە سـەرەنجامێکی چاوەڕواننەکـراو بـوو و شکسـتێکی بەئـازار بـوو؛ هێراکلیـوس دوای شکسـتەکە کشـایەوە بـۆ ئەنتاکیـە، و لـەوێ ڕاوێژکارانـی کۆکـردەوە بـۆ تێڕامـان لـە هـۆکاری شکسـتەکەیان، هەموویـان یەکدەنـگ بـوون لەسـەر ئـەوەی شکسـتەکە بڕیارێکـی خواییـە و سـەرەنجامی «گوناهبـاری»ی خەڵکەکـەی خۆیانـە، بـە هێراکلیـوس خۆیشـیەوە، و ئەویـش ئـەم لێکدانـەوە و پاسـاودانەی پەسـەند کـرد، و تـا ڕادەیـەك حەپەسـان و شـۆکی هێراکلیوسـی کـەم کـردەوە. هەرچەنـد ئـەم لێکدانـەوە و پاسـاودانە و جۆرێکـی تـرە (جیـاوازە لـەوەی خاچیـەکان لەبەرامبـەری صەلاحوددینـدا)، کـە نایەوێـت دان بنێـت بـە لێهاتوویـی لایەنـی دوژمنـدا بـەڵام دەیەوێـت شکسـتەکە بگێڕێتـەوە بـۆ بڕیارێکـی خوایـی و کەمتەرخەمییـەك لـە بەجێهێنانـی ڕێنماییەکانـی ئایینەکەیانـدا، بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو بیرۆکەیـەی یەکسـەر بازدەداتـە بیـر و هەسـتیانەوە کـە شکسـتی سـوپاکەیان کـە ئـاڵای خاچـی مەسـیحی هەڵگرتـووە؛ سـەرەنجامی لێنەهاتوویـی خواوەندەکەیـان و ئـەو خاچەیـە کـە خزمەتـی دەکـەن. ئاخـر لـە کۆنـدا شکسـتی سـوپایەك وەکـوو شکسـتی خواوەنـد و پەرسـتراوی ئـەو سـوپایە و ئەو دروشـم و هێمایـەی بەرزیـان کردووەتەوە بـۆی ڕوانـراوە، چونکـە لـە بنەڕەتیشـدا هەڵگرتنـی ئـەو دروشـم و هێـما پیـرۆزە لـە ـ بـۆ نموونـە ـ تەختـەداری

خـاچ یـان لـە شـێوەی ئـاڵادا بـۆ هێنانی سـەرکەوتن بـووە لـە خواوەنـدەوە. هـەر بۆیە نووسـەرە ئیسـلامیەکانیش کاتێـك ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ سـوپا مەسـیحیەکان وێنـە دەکـەن؛ زۆر جـار دەگێڕنـەوە کـە لـە کاتێـکدا مەسـیحیەکان خاچەکانیـان بـەرز کردووەتـەوە بـە ئومێـدی سـەرکەوتن لـە جەنگـدا؛ بـەڵام هیـچ سـوودیان بۆیـان نەبـووە و لـە کۆتاییـدا خاچـەکان کەوتوونەتـە سـەر زەوی. ئـەم دیمەنـە لـە «فتـوح الشـام»ی واقیدیـدا بـەر چـاو دەکەوێـت کـە لـە زۆر جێگـەدا مەسـیحیەکان بـە «خاچپەرسـتان» («عبـدة الصلبـان») نـاو دەبـات، و پسـپۆڕان بڕوایـان وایـە ئـەو دەقـەی ئـەم نـووسراوە کـە لەبـەر دەسـتە؛ ناگەڕێتـەوە بـۆ واقیـدی خـۆی، یـان دوای خـۆی و ـ هەتاکـو ـ دوای جەنگـە خاچیـەکان دارێژراوەتـەوە یـان بـۆی زیادکـراوە.

ب. لایەنـی دووەمـی ئـەم وێنـە پیـرۆز و درەوشـاوەیەی صەلاحوددیـن لـە لای ئەورۆپاییـەکان، کـە لـە بنەڕەتـدا لـە سـەدەی (١٣ ز.)ــدا دروسـت بـووە، ئەمەیـە کـە ئـەم وێنەیـە لـە بەرامبـەری وێنـەی فەرمانڕەوایانـی (ئەل-مەمالیـك)ی میـصر، لـە دوای ئەییووبیـەکان، و بـە بـەراورد بـەوان، کێـشراوە، بەتایبەتـی فەرمانڕەوایەکـی مەملووکیـی وەکـوو (ئەل-ظاهیـر بەیبـەڕس) (٦٢٠-٦٥٨-٦٧٦ ك.)، کـە لـە چـاوی ئەوانـدا و لە چـاو صەلاحوددین و ئەییووبیـەکان ئـەم فەرمانـڕەوا مەملووکیانـە وەکـوو کۆمەڵێـك جەنـگاوەری چڵکاوخـۆری بێهەسـت و دور لـە شارسـتانی و خانەدانـی دەرکەوتـوون.

## ٢. پاڵنەری لایەنە خۆرهەڵاتیەکە:

بـێ گومـان وێنـەی یەکەمـی صەلاحوددیـن ئـەو وێنەیەیـە کـە سـەرچاوە سـەرەکیەکانی ژیاننامەکـەی و مێـژووی دەوڵەتەکـەی کێشـاویانە، کـە ئەمـە هـەر لـە خۆرهـەڵات و بەڵکـو هـەر لـە ژیانـی خۆیـدا دەسـتی پـێ کـردووە، بەتایبەتـی لەسـەر دەسـتی ئەوانەیـش کـە لـە خۆیـەوە نزیـك بـوون، وەکـوو (ئەل-قاضـی ئەل-فاضیـل) (٥٢٦-٥٩٦ ك.) (کـە لـە سـەردەمی صەلاحوددینـدا وەکـوو پیـاوی دووەمـی دەوڵەتەکـە وا بـووە، بەڵکـو بەڕێوەبـەری ڕاسـتەقینەی کاروبـاری ناوخـۆی دەوڵەتەکـە بـووە کـە صەلاحوددیـن لـە جێـی خۆیـی دانـاوە). جـا ئـەم جـۆرە نووسـینانە کـە سـەر بـە دەربـار و «دەسـتەودایرە»ەکەی خـۆی بوون، یان سـەر بـە هەمـان ئایدیۆلۆجیا و ئامانج بـوون، بـە شـێوەیەك کەسـێتیی صەلاحوددینیـان وێنەکـردووە کـە هەندێـك جـار دەیباتـە ئاسـتی پێغەمبـەران، و جـاری وا هەیـە بـەراوردی دەکـەن بـە پێغەمبەرێکـی وەکـوو (یووسـوف)، بەتایبەتـی کـە صەلاحوددینیـش خـۆی نـاوی «یوسف»ــە، ئینجـا کۆچـی کـردووە بـۆ میـصر و لـە میـصر گیرسـاوەتەوە، پاشـان کەس‌وکارەکەیشـی لـەوێ پێـی گەیشـتوون، کـە ئەمـە هەمـان چیرۆکـی (یووسـوف) پێغەمبەریشـە (و لـە بنەڕەتیشـەوە بنەماڵـەی ئەییووبـی بـە تەمـای فەرمانڕەوایـی و گرتنـی میـصر بـوون، و یووسـفی کـوڕی هەڵکەوتـەی بنەماڵـە بـۆ ئـەم پلەیـە ئامـادە کـراوە). هـەر لـەم بابەتـە دەوترێـت کاتێـك صەلاحوددیـن لەدایكدەبێـت و باوکـی نـاوی دەنێـت «یوسـف»؛ ئەمـە بـەو هەسـت و مەبەسـتەوە بـووە کـە خـۆی وەکـوو (یەعقـووب) پێغەمبـەر هاتووەتـە پێـش

چـاو کـە ئارامگرتنـی لـە دووریـی کوڕەکـەی نموونەیـە، ئیـتر وەکـوو چـۆن یەعقـووب پێغەمبـەر یووسـف پێغەمبـەری بـووە؛ ئەمیـش (یووسـف)ی بـووە کـە صەلاحوددینـە، لـە هەمـان کاتیشـدا بەگشـتی خـۆی بـە (ئەییـووب) پێغەمبـەر هاتووەتـە پێـش چـاو کـە ئەمیـش هـەر نموونـەی ئارامگرتـن و خۆڕاگریـە.

ئـەو شـاعیرانەی لـە بنەماڵـەوە نزیـك بـوون ئاماژەیـان بـۆ ئـەم بیرکردنەوەیـە کـردووە، وەکـوو (عیمادوددیـنی کاتیـب) ـ لـە ستایشـی نەجموددیـن ئەییووبـدا ـ وتوویەتـی(١):

وَيَسْتَقِرُّ بِمِصْرَ يُوسُفُ، وَبِهِ تَقِرُّ بَعْدَ التَّنَائِي عَيْنُ يَعْقُوبِ

وَيَلْتَقِي يُوسُفُ فِيهَا بِأَخْوَتِهِ وَاللهُ يَجْمَعُهُمْ مِنْ غَيْرِ تَثْرِيبِ

واتـە: «یووسـف لـە میـصر دەگیرسـێتەوە، و دوای لێـكدووری چـاوی یەعقـووب شـاد دەبێتـەوە، و لـەوێ یووسـف بـە دیـداری براکانـی دەگاتـەوە، و خـوا بەبـێ سـەرکۆنە کۆیاندەکاتـەوە».

هەروەهـا شـاعیرێکی تـری ئـەو سـەردەمە، کـە (عەرقەلـە)ی دیمەشـقی (٤٨٦-٥٦٧ ك.)ـە (حەسسـانی کـوڕی نومەیـری کەلبـی)، و یەکێـك بـووە لـە شـاعیرانی سـەناخوانی صەلاحوددیـن (و دەڵێـن صەلاحوددیـن پەیمانـی پـێ دابـوو ئەگـەر میـصر بگرێـت هـەزار دینـاری پـێ ببەخشـێت)، وتوویەتـی(٢):

رَبِّ! كَمَا مَلَّكْتَهَا يُوسُفَ الصِّـ ـدِّيقَ مِنْ أَوْلَادِ يَعْقُوبْ

مَلِّكْهَا فِي عَصْرِنَا يُوسُفَ الصَّـ ـادِقَ مِنْ أَوْلَادِ أَيُّوبْ

واتـە: خوایـە وەکـوو میـصرت کردە شانشـینیی یووسـفی «الصدیق» لـە کوڕانی یەعقـووب، لەم سەردەمەیشـماندا بیکەرە شانشـینیی یووسـفی «الصـادق» لە کوڕانـی ئەییووب.

جگـە لـەم پیرۆزکـردن و وێنـە پیرۆزکـراوە؛ بەگشـتی ئـەم نووسـینانە کاریـان بـۆ ئـەوە کـردووە وەکـوو نموونـەی «سـوڵتان»ی دادپـەروەر پێشـانی بـدەن، و بەمـە مافـی فەرمانڕەوایـی و «شـەرعیەت»ی زیاتـر بچەسـپێنن، لەبەرامبـەر ڕکەبەرەکانیـدا. شـیعر و قەسـیدە «مەدحـی» و پڕستایشـەکانی شـاعیرەکانی سـەردەمی خـۆی و دوای خـۆی بەشـداریی زۆریـان کـردووە لـە چەسـپاندنی ئـەو وێنەیـە و ـ بـە سروشـتی زمانـی شـیعر و «مـەدح» ـ زیادەڕەوییشـیان تێـدا کـردووە. ئـەم جـۆرە نووسـینانە دوای مردنـی خۆیشـی بـەردەوام بـوون، لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، کـە بەشـدارییان کـردووە لـە دروسـتکردنی ئـەو وێنـە ئەفسـانەییەی کەسـێتیەکەدا.

بۆیـە ئـەم نووسـینانە دەبێـت بەوریاییـەوە مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت، و بـەراورد بکرێـن بـە سـەرچاوە جیـاوازەکان، هەتـا فریـوی ئامانـج و ئەجێنـدا تایبەتیەکانیـان نەخۆیـن، و بتوانیـن لـە ئەنجامـی بـەراورد و سـاخکردنەوە ڕاسـتیە مێژووییـەکان وەکـوو خۆیـان بدۆزینـەوە.

## ٣. کورتکردنەوەی کەسێتیەکە

فاکتەرێکی تری پێکهاتنی ئەفسانەی ئەم کەسێتیە؛ ئەوەیە لە زۆربەی ناوەندەکان و لە زەینی زۆرینەدا کورت کراوەتەوە لە ڕۆڵە مێژووییە سەرەکیەکەیدا، کە ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگەکانیەتی لەگەڵ خاچپەکان (کە ئەمە لە نووسینە ئەوروپاییەکاندا، لە کۆنەوە؛ دیاردەیەکی سەرەکیە)، لەم چوارچێوەیەشدا تیشکی زیاتر دەخرێتە سەر سەرکەوتنی لە جەنگی (حیططین) و سەندنەوەی ئەل-قودس لە خاچپەکان (١١٨٧ ز.) (کە ئەمە بەتایبەتی لە بیری ئیسلامیدا کردوویەتیە پاڵەوانێکی بێوێنە و پیرۆز، پیرۆزییەك کە لە پیرۆزیی شارەکەوە لە ئیسلامدا ئاو دەخواتەوە).



درەوشاوەترین پاڵەوانی ئیسلام لە سەردەمانی ئیسلامیی دواییدا: ڕزگارکەری ئەل-قودس و شکێنەری خاچپەکان

ئیتر بەگشتی کەسێتیەکە لەم لایەنەدا کورت دەکرێتەوە، و لایەنەکانی تری کەسێتیەکە و مێژووەکەی پشتگوێ دەخرێن و تیشکیان ناخرێتە سەر، بۆ نموونە: ئەو ڕۆڵە خراپەی کە صەلاحوددین بوویەتی لە لەناوبردنی فاطیمیەکان، نەك تەنها وەکوو بنەماڵەی فەرمانڕەوا، بەڵکو وەکوو کولتوور و کەلەپووری شارستانی و سڕینەوەی قۆناغێکی درەوشاوە لە زۆر لایەنەوە. هەتاکوو لەبارەی ڕۆڵە مێژووییە سەرەکیەکەی صەلاحوددین کە ڕووبەڕووبوونەوەی خاچپەکانە، لەمەشدا تیشکی زیاتر دەخرێتە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی یەکلاکەرەوە و جەنگەکە (حیططین) و سەندنەوەی شارە پیرۆزەکە، ئیتر ماوەی پێشتر، ماوەی ئامادەکاری بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، و ماوەی دوای ئەوەش؛ تیشکی ناخرێتە سەر. لە کاتێکدا لە هەڵوێستەکانی پێش ڕووبەڕووبوونەوەی خاچپەکان و پێش جەنگی (حیططین)، و دوای ئەوەش، صەلاحوددین هەڵوێستی

وای هەبـوون کـە جێـی شـانازی نیـن، هەتاکـوو بـۆ ئـەم ڕۆڵـە مێژووییـە سەرەکیەیشـی کـە بریتیـە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی خاچیـە داگیرکـەرەکان و دەرکردنیـان لـە وڵاتانـی ئیسـلامی.

## ٤. کورتکردنەوەی ڕووداوەکان و دەسکەوتەکان لە یەك کەسێتیدا:

هەندێـك کەسـێتی لـە مێـژوودا سـەرباری لێهاتوویـی خۆیـان بەختـی ئەوەیـان هەیـە پـرۆژەی کەسـانی تـر تـەواو دەکـەن و بـەری ڕەنجـی پێشـینانیان دەخـۆن و لەسـەر ئـەو بنچینەیـەوە شـکۆمەندییەك بـۆ خۆیـان بنیـات دەنێـن. دواییـش لـە مێژووخوانـی و هۆشـیاریی خەڵکـدا زیاتـر نـاوی ئـەوان دەمێنێـت و کەمتـر نـاوی پێشـینانیان. صەلاحوددیـن یەکێکـە لـەم کەسـێتیانە. ئـەو ڕۆڵـە مێژووییـەی کـە صەلاحوددیـن بینیویەتـی، بەتایبەتـی ڕێکخسـتنی وڵاتانـی شـام و میـصر و خسـتنی فاطیمیـەکان و ئینجـا ڕووبەڕووبوونـەوەی خاچیـەکان و سـەندنەوەی ئەل-قـودس؛ پرۆژەیـەك بـووە کـە پێشـتر لـە مێشـکی ئیمپراتـۆر و سـوڵتان و ئەمیر و سـەرکردەکانی سـەلجووقیەکان و ئەتابەگەکانـدا بـووە، بەتایبەتـی سـوڵتان (ئالـپ ئەریسـلان)ی سـەلجووقی، و ئەتابەگەکانـی مووسـڵ: زەنگیـەکان: (عیمادوددیـن زەنگـی)، و (نووروددیـن مەحمـوود)ی کـوڕی، پاشـان باپیـرەی بنەماڵـەی ئەییووبـی (ئەییووبـی کـوڕی شـادی) باوکـی صەلاحوددیـن، و (شـێرکۆ)ی بـرای، مامـی صەلاحوددیـن، کـە هەردووکیـان لـە سـەرکردە و «والی»ــەکانی نووروددیـن مەحمـوود بـوون و بەشـێك بـوون لـە دەوڵەتـی زەنگی.

سـوڵتان (ئالـپ ئەریسـلان) (١٠٢٩-١٠٧٢ ز.)، پێشـتر هەمـان ئامانجـی لەناوبردنـی فاطیمیەکانـی هەبـووە، چونکـە فاطیمیـەکان شـیعە بـوون و ئەمانیـش (سـەلجووقیەکان) پشـتیوانی سەرسـەختی ئیسـلامی سـوننین لەبەرامبـەری شـیعە و باطینیەکانـدا [قوتابخانەکانـی (نیظامییـە) و دەرکەوتنـی جووەینـی و غەزالـی و پاشـان عیمادوددینـی ئیصفەهانـی و بەهائوددیـن ئیبـن شـەدداد تێیانـدا؛ لـە «حەسـەنات»ی سـەلجووقیەکانن، بەتایبەتـی (نیظام‌مولـك)ی وەزیریـان، بەسـەر ئیسـلامی سـوننیەوە، کـە لـەم قوتابخانانـەدا تیۆریسـازی دەکـرا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیسـلامی شـیعی و باطینـی (هەمـان ئـەو ڕێگەیـەی ئێسـتەش تـەوژم و هێـز و قـەوارە ئیسـلامیە سـوننیەکانی ئـەم سـەردەمە لـە سـەرەتا و دامەزرانـدا دەیگرنـە بـەر بـە دروسـتکردنی «مەدرەسـە»گەلی خوێنـدن و پـەروەردەی ئیسـلامی، کـە بـەو شـێوەیە ئامـادەکاری دەکـەن بـۆ بەهێزکردنـی تەوژمـە ئیسـلامیە سـوننیەکە، وەکـوو لـە سـەرهەڵدانی گرووپـی (حیزبوڵـلا) لـە کوردسـتانی باکوور بینیـمان، و گرووپەکانـی تـری وەکـوو (تالیبـان) و هەتاکـوو جیهادیەکانـی سـوعوودییەیش تەنهـا هەندێـک نموونـەی ترن]، و ئەمانـە لـە ڕاسـتیدا ئامادەکاریـی یەکەمـن بـۆ دەسـکەوتەکانی صەلاحوددیـن و ئەییووبیـەکان کـە بـە پلـەی یەك دەسـکەوتی سەرخسـتنی ئیسـلامی سـوننی و نابووتکردنـی ئیسـلامی شـیعی و باطینـی و عەقڵانـی بـوون و ئینجا بـە پلـەی دوو ڕووبەڕووبوونـەوەی دوژمنـە دەرەکیەکـە (خاچیـەکان) بـوون، بەتایبەتـی کـە ئـەم دوانـەی دوایی: عیمادوددیـن و ئیبـن شـەدداد، کـە ئەدیـب و مێژوونـووس بـوون؛ دوایـی لـە هەرەدەرکەوتووانـی دەربـاری

صەلاحوددیـن بـوون کـە خزمەتیـان کـردووە]. جـا سـوڵتان ئالـپ ئەریسـلان، دوای ئـەوەی گەلێـك ناوچـەی مەسیحیـ‌نشـینی، وەکـوو ئەرمەنسـتان و گورجسـتان، داگیرکـرد بـە نـاوی بڵاوکردنـەوەی ئیسـلامەوە، ئینجـا کشـا بـەرەو شـام، لـەوێ ئابڵووقـەی دەوڵەتـی (میرداسـی)ی دا کـە دەوڵەتێکـی شـیعەیی بـوو و خسـتیە سـەر خیلافەتـی عەبباسـی و دایبـڕی لـە خیلافەتـی فاطیمـی، و سـەرکردەیەکی سـەربازیی خـۆی نـاردە باشـووری شـام و هـەردوو شـاری (ئەل-ڕەملـە) و (ئەل-قـودس)ی لـە دەسـتی فاطیمیـەکان دەرهێنـا. بـەم شـێوەیە دەسـەڵاتی فاطیمییـان لـە شـام لاواز کـرد، بەبـێ ئـەوەی خۆیشـیان (سـەلجووقیەکان)، لـە دوای ئالـپ ئەریسـلانەوە، ئەوەنـدە یەکگرتـوو و تەبـا بـن لەنـاو خۆیانـدا (ڕەنگـە بتوانیـن بڵێیـن هـەر ئـەم بارودۆخـەش ڕێگـەی خـۆش کـردووە بـۆ لەدەسـتچوونی ئەل-قـودس و داگیرکرانـی لەلایـەن خاچیەکانـەوە، و ئەگـەر هـەر لـە دەسـتی فاطیمیەکانـدا بوایـە؛ نەدەکـەوت و داگیـر نەدەکـرا). جگـە لەوانـەش ئالـپ ئەریسـلان لـە (جەنگـی مەلازگیـرد) (٤٦٣ ك. / ١٠٧١ ز.)دا بیزەنتیەکانـی شـکاند و ئیمپراتـۆری بیزەنتـی (ڕۆمانـۆسی چـوارەم) Romanus IVی دیـل کـرد و بـەدوای ئەمـەدا بیزەنتیـەکان زۆربـەی ئەنـەدۆڵ و ئاسـیای بچووکیـان لەدەسـتدا و خرایـە سـەر دەوڵەتـی سـەلجووقی کـە لەمـە لقـی «سـەلجووقیەکانی ڕۆم» پێکهـات و تورکـی (ئۆغـوز) لـە ئەنـەدۆڵ نیشـتەجێ بـوون، و کیانێکـی ئیسـلامیی سـوننیی تورکیـی لـەو کاتـەوە هەتـا ئێسـتە لـە ئەنـەدۆڵ چەسـپا، و ئەمـە سـەرەتایەکیش بـوو بـۆ هاتنـی عوسـمانیەکانیش.

پاشـانیش کـە هێرشـە خاچیـەکان دەسـتیانپێکرد؛ چەنـد سـەرکردەیەك لـە هەڵمەتـی بەرگـری و ڕووبەڕووبوونـەوەدا دەرکەوتـن. هـەر پێـش زەنگیـەکان؛ سـەرۆکی بنەماڵەیەکـی نـاسراوی حەلـەب کـە قـازی (ئیبن ئەل-خەششاب)ـە؛ توانیـی سـەرۆکایەتیی بەرگرییەکـی میللـی لـە شـاری حەلەب بـکات کاتێـك خاچیەکان ئابڵووقەیـان دا، و سـەرکەوتوو بێـت لـەو بەرگریـەدا. ئەمـەش بـە هاوکاریـی ئەمیـری تورکمانیـی مووسـڵ (ئـاق-سـونقور) باوکـی عیمادوددیـن زەنگـی.

کاتێکیـش (عیمادوددیـن زەنگـی) لـە (١١٢٧-١١٢٨ ز.) بـووە ئەتابەگـی مووسـڵ و حەلـەب، و لەوانـی پێشـوو بەتواناتـر بـوو و پاڵنـەری ئایینیـی بەهێزتـر بـوو؛ ئامانجـی یەکخسـتنی شـام و میـصر بـووە نەخشـەی سـتراتیجی، و توانـا و دەسـەڵاتی بـۆ ئـەم ئامانجـە تەرخـان کـرد، و توانیشـی ئیمارەتێکـی مەسـیحیی خاچیەکان کـە ئیمارەتـی (ئەل-ڕوهـا) بـوو بخـات و بەمـەش گورزێکـی کاریگەریـان لـێ بـدات.

ئینجـا دوای خـۆی (نووروددیـن مەحمـوود)ی کـوڕی بـووە ئەتابەگـی حەلـەب (و پاشـان دیمەشـق) و لـەو ئامانجـە سـتراتیجیەدا جێـی گرتـەوە، کـە یەکخسـتنی شـام و میـصرە، نـەك میـصری فاطیمـی، بەڵکـو بـە خسـتنی خیلافەتـی فاطیمـی و دروسـتکردنی سـەڵتەنەتێکی ئیسـلامیی سـوننی کـە لـە لایەنـی هێماییـەوە سـەر بـە خیلافەتـی سـوننیی عەبباسـی بێـت، ئینجـا ئـەم شـام و میـصرە یەكگرتـووە لـە هـەردوو لاوە ئابڵووقـەی خاچیـەکان بـدەن و دەریانپەڕێنـن. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە چەنـد لایەنێکـەوە کاری کـرد: لایەنـی یەکـەم:

ئەوە بوو ئەو ڕێبازە شیعیەی پێشتر بنەماڵەکانی حەمدانیەکان و میرداسیەکان و عوقەیلیەکان لە حەلەب چەسپاندبوویان؛ وردە-وردە لەناوبرد، بە قەدەغەکردنی هەندێك لە دروشمە ئایینیەکانیان و دوورخستنەوەی ڕابەرەکانیان. لایەنی دووەم: دووبارەکردنەوەی هەمان نەخشەی سەلجووقیەکان و (نیظامومولك)ی وەزیر، بە کردنەوەی قوتابخانەی ئیسلامی لەسەر ڕێبازی سوننی، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك لە دەرچووانی هەڵکەوتووی قوتابخانەی نیظامییەی سەلجووقیەکانی هێنا و کردنی بە مامۆستا و ڕابەری قوتابخانە ئیسلامیەکانی حەلەب، کە لەم قوتابخانانەدا خەریکی تیۆریسازی و ڕێنمایی و پشتیوانیی ڕێبازی سوننی بن و دژایەتیی ڕێبازی شیعی بکەن، و بەم شێوەیە کۆمەڵگا ئامادە بکەن بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی ئیسلامیی سوننیی یەکگرتوو لە ناوچەکەدا. لایەنی سێیەمیش: بە دەستتێوەردانی سەربازی لە کاروباری میصر، سەرەتا نووروددین (شێرکۆ)ی بە هێزی سەربازیەوە (و بە ناردنی صەلاحوددینی برازای لەگەڵی) نارد بۆ پشتیوانی لە وەزیرێکی فاطیمیەکان کە (شاوەر)ە کە لەگەڵ وەزیرێکی تردا بەشەڕ هاتبوو، لە بەرامبەر کۆمەڵێك پەیمان و دەسکەوت، کە دوایی شاوەر ناپاکیی کرد و داوای یارمەتییشی لە خاچیەکان کرد دژی شێرکۆ و هێزەکەی کە لە قەڵایەك لە میصر خۆیان قایم کردبوو، جارێکی تریش شێرکۆ ـ کە زۆر تامەزرۆی گرتنی میصر و ڕووخاندنی خیلافەتی فاطیمی بوو ـ لەگەڵ صەلاحوددینی برازای بە هێزی سەربازیەوە گەڕایەوە میصر و ئەم جارەیش شاوەر لەلایەن خاچیەکانەوە هێزی بۆ هات، کە شێرکۆ سەرکەوتنی بەسەریاندا بەدەستهێنا، جارێکی تریش کە خاچیەکان ئابڵووقەی شاری ئەل-قاهیرەیان دا؛ شاوەر بۆ بێهیواکردنی خاچیەکان لە شارەکە ئاگری لە شارەکە بەر دا، کە ئیتر خەلیفەی فاطیمی ناچار بوو داوای فریاکەوتن بنێرێت بۆ نووروددین لە دەستی خاچیەکان و شاوەر ڕزگاریان بکات، ئەم جارەش نووروددین شێرکۆ دەنێرێت کە ئەمیش صەلاحوددین لەگەڵ خۆی دەبات، لەگەڵ هێزێکدا، کە هەر بەگەیشتنی شێرکۆ خاچیەکان ئابڵووقەکەیان هەڵگرت و میصریان بەجێهێشت. خەلیفەی فاطیمی، ئەل-عاضید، شاوەری لە سێدارە دا، و پلەی ویزارەت درا بە شێرکۆ، لە هەمان کاتیشدا شێرکۆ کاری دەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی فاطیمی، و دوای ماوەیەکیش شێرکۆ بە نۆرەیەکی سنگەکوژێ دەمرێت و صەلاحوددین لە جێی دەبێتە وەزیر، و پرۆسەی کۆتاییهێنان بە خیلافەتی فاطیمی درێژە پێدەدات، تا لە کۆتاییدا و بە پەستانی نووروددین صەلاحوددین کاری کرد بۆ لابردنی نزا بۆ خەلیفەی فاطیمی لە وتاری هەینیدا و گۆڕینی بۆ ناوهێنانی خەلیفەی عەبباسیی ئەو کاتە (ئەل-موستەضیئ)، کە مەلایەکی سوننیی مووسڵی(!) یەکەم جار هات بۆ ئەل-قاهیرە و ئەو کارەی کرد، و دوایین خەلیفەی فاطیمی بۆ خۆی مرد بەبێ ئەوەی بزانێت خیلافەتەکەی نەماوە. هەتا دوایی نووروددینیش مرد و دەسەڵاتی میصر و شام بۆ صەلاحوددین مایەوە.

جا بەم شێوەیە صەلاحوددین لەژێر سایەی پەروەردەی شێرکۆی مامی، و لەسەر میراتی هەوڵ و ماندووبوونەکانی نووروددین، هەڵکەوتووە، ئەو نەخشەیەی پێشینانی ئەو دایاناوە و بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەك کاریان بۆ کردووە؛ صەلاحوددین دوایین قۆناغی ئەم نەخشەیەی جێبەجێ کرد،

هەتا دەوڵەتی فاطیمیی بەتەواوی لەناوبرد و خاچپەکانیشی لە ئەل-قودس دەرکرد، ئەمانە هەموویان نەخشە و ئامانجی ئەوانی پێشوو بوون بەڵام صەلاحوددین پێیان گەیشت چونکە لە دوا قۆناغدا هات و ئەوانی پێشوو بەتەواوی ڕێیان بۆ خۆش کردبوو و ئامادەکارییان بۆ کردبوو. بەڵکو هەر لە چوارچێوەی ناردنەکانی نووروددین و هەڵمەتەکانی شێرکۆ صەلاحوددین کەوتە هاوکێشەی سیاسیی میصرەوە (بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەیووبیەکان لە لایەنی سیاسیەوە لقێکن لە زەنگیەکان)، و بە مردنی شێرکۆی مامی دەسەڵاتی لە میصر بۆ ماوەیەوە. و لە ڕاستییشدا صەلاحوددین لە سەرەتاوە بە تەمای میصر نەبووە و بە سووربوونی باوك و مامەی بەشداریی چالاکی و ڕووداوەکانی میصری پێ کراوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەند مانگێك لە قەڵای ئیسکەندەرییە ئابڵووقە دەدرێت؛ ئیتر بۆ جاری داهاتوو کە داوای لێ دەکرێت لە هەڵمەتدا بۆسەر میصر بەشدار بێت؛ خۆی وتوویەتی «هەر وەکوو ئەوە وا بوو بەرێم بکەن بۆ مردن»! و وتوویەتی: «ئەگەر پاشایەتیی میصر بخەنە بەر دەستم؛ بۆی ناچم، چونکە لە ئیسکەندەرییە ئەوەندە تاڵاوم چەشت کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە»! بەڵام ئیتر سووربوونی باوکی و شێرکۆی مامی و جگە لەوانیش نووروددین صەلاحوددینی خستووەتە ناوجەرگەی گۆڕانکاریەکانی میصری ئەو کاتەوە.

دواییش صەلاحوددین لە زۆربەی ڕێوشوێن و تەگبیرەکانیشدا شوێنپێی ئەوانی پێشووی هەڵگرتووە، بەتایبەتی نووروددین. هەر بۆ نموونە؛ پێشتر نووروددین زەویوزاری کشتوکاڵیی دەدا بە سەرکردە سەربازیەکان کە بەرهەمەکەی بۆ خۆیان بێت، و لەم ڕێگەیەوە هەڵمەتی جیهادی پارەدار دەکرد و سەربازەکانی هەر سەرکردەیەکی لە کاتی پێویستدا بانگ دەکرد بۆ هەڵمەتبردن. صەلاحوددینیش هەمان ڕێوشوێنی گرتە بەر لەگەڵ هەندێك چاکسازی. هەتاکوو پێشتر نووروددین کە ئاواتی سەندنەوەی ئەل-قودس بوو مینبەرێکی تایبەتی ئامادە کردبوو کە کاتێك شارەکەی گرتەوە لە بەیت ئەل-مەقدیس وتاری لەسەر بدات، صەلاحوددینیش کاتێك شارەکەی لە خاچپەکان سەندەوە؛ هەمان مینبەری هێنا و لە بەیت ئەل-مەقدیس داینا تا وتاری لەسەر بدات! لە زۆر شتی تریشدا صەلاحوددین شوێنپێی سەلجووقیەکان و ئەتابەگەکانی مووسڵی هەڵگرتووە، وەکوو لە هێنانی کۆیلەی کڕاوی تورك و کردنیان بە سەرباز و جەنگاوەر کە بەشێکی گرنگی سوپا بوون.

بەم شێوەیە دەسکەوتەکانی صەلاحوددین ئەنجامی هەوڵەکانی ئەوانی پێشی خۆی بوون، و سادەکاریە ئەگەر سەرکەوتنەکانی هەموویان بدرێنە پاڵ لێهاتوویی خۆی بەتەنها. ڕاستە مێژوونووسەکان بەگشتی ئەم وردەکاری و مێژووە دەزانن، بەڵام زۆرینەی خەڵك کە ئەو هۆشیاریە مێژووییەیان نیە؛ حەزیان لە زەقکردنەوەی یەك سەرکردە و یەك کەسێتیی ئایدیالیە کە هەموو دەسکەوتەکان و کارە گەورەکانی تێدا کۆبکەنەوە و پیرۆزی بکەن و وەکوو «القائد الضرورة» بۆی بڕوانن. ئەمەیە کە سەرکردەیەکی وەکوو صەلاحوددینی لە خەیاڵی ئیسلامیدا کردووەتە دیارترین «پاڵەوانی ئیسلام».

بەکورتـی؛ لێهاتوویـی و ئـەو ڕۆڵـەی صەلاحوددیـن لـە قۆناغـی خۆیـدا بینیویەتـی، وەکـوو ڕاسـتییەکی مێژوویـی؛ هـۆکار و فاکتـەری زۆری هەیـە، کـە توێژینـەوە و بەدواداچونـی زۆری بـۆ کـراوە و لێکۆڵینـەوەکان بەزیـادەوە تیشـکیان خسـتووەتە سـەریان.. ئـەوەش وەکـوو گەشـە و پـەروەردەی منداڵیـی صەلاحوددیـن، لەژێـر سـایەی باوکـی و پاشـان مامـی و پاشـان نووروددیـن زەنگـی، و بەسـەربردنی بەشـێکی زۆری تەمەنـی منالّیـی لـە قـەڵادا (لـە بەعلەبـەك)، قەڵایـەك کـە دەبێـت هەمیشـە بەرگریـی لـێ بکرێـت و ئامادەباشـیی تێـدا بکرێـت، لـەوێ و لـەو دەوروبـەرە بـە چـاوی خـۆی هێـرش و وێرانکاریـی خاچپەکانـی بینیـوە، ئینجـا وەرگرتنـی لێپرسراوێتـی لـە تەمەنێکـی کەمـدا. پاشـان هـۆکاری تـری وەکـوو جێگرتنـەوەی سـەرکردەکانی بنەماڵـەی زەنگی و وەرگرتنـی ڕۆڵـی ئـەوان، و نەبوونـی سـەرکردەی لێهاتـووی تـر کـە بتوانێـت ئـەو ڕۆڵـە ببینێـت کـە لـەو کاتـەدا پێویسـت بـوو؛ هەمـوو ئەمانـە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی صەلاحوددیـن بتوانێـت ئـەو ڕۆڵـە مێژوویيـە ببینێـت، هـەم وەکـوو پاڵەوانێکـی مێژوویـی بەرگـری لەبەرامبـەر جەنگـە خاچیـەکان، و هـەم وەکـوو دامەزراندنـی بنەماڵەیەکـی فەرمانڕەوای سـەدەکانی ناوەڕاسـت کـە ئیمپراتۆرێتییەکیـان دامەزانـدووە بـۆ مـاوەی دوو سـەدە بـەردەوام بـووە.

## ٥. ئامانج و ئەجێندای نوێ:

لـە جیهانـی ئیسـلامیی هاوچەرخیشـدا، دیسـان جارێکـی تـر ئەفسـانەی صەلاحوددیـن ئامادەیی پەیـدا دەکاتەوە، چونکـە بـۆ ئامانجگەلێـك و ئەجێنـدای سیاسـی و تایبەتـی بەکاردێـت. لێـرەوە پاڵەوانێتیـی صەلاحوددیـن دەگاتـە ئـەوەی دەبێتـە بەشـێك لـە مـاددەی پـەروەردەی ئایینـی و نیشـتمانی، و بەڵکـوو دەبێتـە وێنـەی سـەر پولـی پۆسـتە. تاکـوو وای لـێ هاتـووە هەندێـك لـە سـەرکردە و «زەعیم»ــە عەرەبیـە نەتەوەییـەکان، لـە سـەدەی بیسـتەمدا، هەوڵیـان داوە وێنەیـەك لـە شـێوەی ئـەم کەسـێتیە بـۆ خۆیـان دروسـتبکەن. بەتایبەتـی کـە لـە سـەدەی بیسـتدا جارێکـی تـر ئەل-قـودس کەوتـە ژێـر داگیرکاریـی دوژمنێکـی ئایینیـی تـر کـە یەهـوود و دەوڵەتـی ئیسرائیلـە کـە دوژمنایەتیـی ئـەم دوژمنـە بـوو بـە هەوێنـی فیکـری نەتەوەیـی عەرەبـی. ئیـتر هەندێـك لـە سـەرکردە و «زەعیم»ــە عەرەبیـە نەتەوەییـەکان بـۆ سـڕکردنی هۆشـیاریی جەماوەرەکەیـان و سـەرخۆشکردنی ئـەم جەمـاوەرە بـە بـادەی سـەرۆکایەتی و پێشـەنگی و «زەعیمـی»ی خۆیـان برەویـان دەدا بـە پرۆپاگەنـدای کەسـێتیی صەلاحوددیـن وەکـوو پاڵەوانـی نەتەوەیـی عـەرەب و خەمخـۆری خاکـی عـەرەب و نەتـەوەی عـەرەب. وەکـوو لـە فیلمـی «النـاصر صلاح الدين»ــدا دەرکـەوت، کـە میـصر لـە سـەردەمی (جەمـال عەبدول-ناصیـر)دا بەرهەمـی هێنـا، و کاری دەرهێنـەری عەرەبـی نـاودار (یوسـف شـاهین) بـوو (سـاڵی ١٩٦٣). لـەم فیلمـەدا صەلاحوددیـن وەکـوو پاڵەوانێکـی نەتەوەیـی عـەرەب دەرکـەوت، و کێشـەی شـاری ئەل-قودسـی داگیرکراویـش وەکـوو کێشـەیەکی عەرەبـی و کێشـەی عەرەبـی نیشـتەجێی ئـەو شـارە پێناسـە کـرا، و فیلمەکـە بـە ئامانجـی شـکۆمەندکردنی کەسـێتیی «ناصر»ێکـی نـوێ بـوو کـە جەمـال عەبدول-ناصیـری سـەرۆکی میـصر

بـوو کـە بـە «زەعیـم»ی نەتەوەیـی عـەرەب دادەنـرا، و ناوەکەیشـی کـورت دەبـووەوە بـۆ «النـاصر»، و لـە رێگـەی ئـەو فیلمـەوە کەسـێتیەکەی لەگـەڵ کەسـێتیی «النـاصر»ی یەکـەم کـە صەلاحوددینـە بەرامبـەر دەکـران، ئیـتر صەلاحوددیـن دەکرایـە پاڵەوانـی نەتەوەیـی عـەرەب، و جەمـال عەبدول-ناصیریـش دەکرایـە صەلاحوددینی سـەردەمی نـوێ. بـۆ ئـەم مەبەسـتە و بـۆ زیاتـر بەئەفسـانەکردنی کەسـێتیی صەلاحوددیـن فیلمەکـە بـە رادەیەکـی زۆر مێژوویشـی شـێواندووە. شـایەنی ئاماژەیشـە ئـەم فیلمـە لـە فیلمـە هەرەکاریگەرەکانی سـینەمای میـصری بـوو و رۆڵـی سـەرەکیی هەیـە لـە چەسـپاندنی کەسـێتییەکی ئەفسـانەیی و بێوێنـەدا لـە خەیاڵدانـی عەرەبـی و ئیسـلامیی نوێـدا.



جەمال عەبدول-ناصیر

(۱۹۱۸-۱۹٥٦-۱۹۷۰)




پۆستەری فیلمی «الناصر صلاح الدین»، (۱۹٦۳)

جگـە لـە میـصری ناصیـری؛ لـە عێراقـی صەددامییشـدا کەسـێتیی صەلاحوددیـن بـۆ شـکۆمەندکردنی کەسـێتیی (صـەددام حوسـەین) و پیرۆزکردنـی هەنگاوەکانـی و کردنـی بـە پاڵەوانـی عـەرەب و ئیسـلام بەکاردەهـات.

ئـەو کاتانـە پۆسـتەری پرۆپاگەنـدا هەبـوون کـە لـە یـەك دیمەنـدا صـەددام و صەلاحوددینیـان کۆدەکـردەوە و بەراوردیـان دەکـرد لەنێـوان هـەردوو کەسـێتیەکە و سـوپاکانیان و ڕۆڵـە مێژووییەکەیـان، بەتایبەتـی کـە صەددامیـش هەمیشـە پەیمانـی «ئازادکردنـی فەلەسـتین»ی بـە عـەرەب و فەلەسـتینیەکان دەفرۆشـتەوە، و بـاس لـەوە دەکرێـت کـە بـە نیـاز بـووە لـە ڕێگـەی ئوردونـەوە و بـە دەسـتخستنی چەکـی ناوکـی ئیسـرائیل لەنـاو ببـات و فەلەسـتین ئـازاد بـکات.



سوپای صەددام و سوپای صەلاحوددین، یەك ئامانج و دو سەردەم!

پۆستەرێکی پرۆپاگەندای بەعسی

هەروەهـا بیـری ئیسـلامیی سـونني لـە سـەردەمی نـوێ کەسـێتیی صەلاحوددیـن وەکـوو سـەرمایەیەکی هێمایـی بەکاردەهێنێـت، وەکـوو نموونـەی سـەرکردەی ئیسـلامیی سـونیی سـەرکەوتوی دانـا و دووربین و نەخشـەکێش و جێبەجێکـەر و لێهاتـوو، کـە هەمیشـە لـە خەمـی ئامانجـە ئیسـلامی و سـونیەکاندایە، ئـەم ئەدەبیاتـەش دیسـان بـرەو دەدات بـە کەسـێتیی ئەفسانەئاسـای صەلاحوددیـن. ئـەوەی ئـەم کەسـێتیەی کردووەتـە نموونەیەکـی چاوەڕوانکـراو ئەمەیـە کـە فەلەسـتین و ئەل-قـودس لـە سـەردەمی نوێـدا لـە لایـەن یەهـوودەوە داگیرکـراوە و قـەوارە و دەسـەڵاتێکی یەهوودیـی تێـدا دامەزرێـنراوە بـە نـاوی «ئیسـرائیل»، بۆیـە چاوەڕوانیکردنـی «صەلاحوددین»ـێکی تـر کـە بێـت و جارێکـی تـر ئەل-قـودس ڕزگار بکاتـەوە؛ بووەتـە بەشـێك لـە خەیاڵدانـی ئیسـلامیی نـوێ. ئـەم کەسێتیە لـە تەوژمە ئیسـلامیە سـونیە نا-عەرەبەکانـدا زیاتریش تـاو دەسـەنێت، بەتایبەتی تورکیـەکان، یـان بەگشـتی ئەوانـەی خەریکـی زیندووکردنـەوەی کەلەپـووری سـەرکردە ئیسـلامیە تورکیەکانـی مێـژووی ئیسـلامیی ڕابـردوون، بەتایبەتـی هەندێـك لـە سـوڵتانە سـەلجووقیەکان و ئینجـا زەنگیـەکان: زەنگـی، و

مەحمـوود، چونکـە باسـی ئەمانـە دەروازەیەکـە بـۆ باسـی صەلاحوددیـن کـە گوزەرپێداکردنـی حەتمیـە.

هەروەهـا تەوژمـە ئیسـلامیە کوردیەکـە، وەکـوو نموونەیـەك و درێژەیەکـی ڕەوتـی ئیسـلامیی سـوننی لـە ناوچەکـەدا، هەمیشـە کەسـێتیی صەلاحوددیـن زەق دەکاتـەوە وەکـوو ناونیشـانێکی سـەرەکیی «خزمەتـی کـورد بـە ئیسـلام» و پەیوەندیـی نەپسـاوەی نێوان کـورد و ئیسـلام، و شـانازیی کـورد و چوونـە نـاو مێـژووەوە بە هۆی صەلاحوددینـەوە، و بنەمایەکیـش بـۆ بەسـتنەوەی کێشـەی کـورد بـە ئیسـلام و بەتایبەتـی ئیسـلامی سـوننیەوە، و پێناسـەکردنی کـورد بـە «نـەوەی صەلاحوددیـن». جاروبـار خەیاڵێکیـش ختووکـەی هەسـتیان دەدات کـە لەنـاو کـورددا جارێکـی تـر سـەرکردەیەکی ئیسـلامیی گـەورە هەڵبکەوێـت و صەلاحوددیـن جارێکـی تـر بێتـەوە!

## تێکشکاندنی ئەفسانە:

تێکشـکاندنی ئەفسـانە، بـە واتـای تێگەیشـتن و دەرکـی واقیعـی و تێپەڕاندنـی ئـەو خەرمانـەی پیرۆزیـەی دەوری ئـەم کەسـێتیەی تەنیـوە، و بینینـەوەی کەسـێتیەکە بـەو شـێوەیەی لـە ژیانـی خۆیـدا و لـە قۆناغـی مێژوویـی خۆیـدا هەبـووە، و دۆزینـەوەی ڕێچکـەی گەشـەکردنی و دروسـتبوونی و گەیشـتنی بـە فرمـان و ڕۆڵ و پێگـەی خـۆی لـە ژیانیـدا، و باکگراونـد و فاکتەرگەلـی پشـتی ئـەو ڕێچکەیـە. بـۆ ئـەوەی فریـو نەخۆیـن بـە وێنـەی کولتـووری و بارکردنـە ئایدیۆلۆجیاییـەکان بـۆ کەسـێتیەکە. ئەمـەش بەشـێکە لـە هۆشـیاریی مێژوویـی و ئەرکێکـە لـە ئەرکەکانـی توێژینـەوەی مێژوویـی.

«تێکشکاندنی ئەفسانە»ی صەلاحوددین، بە چەند لایەنێك دێتە جێ:

## بەمرۆڤکردنەوەی صەلاحوددین

هەنـگاوی یەکـەم و هەرەگرنگـی هەڵوەشـاندنەوەی ئەفسـانەی کەسـێتیەکە؛ بەمرۆڤکردنەوەیەتـی، لـە ڕێگەی تیشكخسـتنە سـەر ژیانـی ڕۆژانـەی. صەلاحوددینـی مـرۆڤ چـۆن بـووە؟ بـەدوور لـەو کەسـێتیە ئەفسـانەییەی کـە لـە هۆشـیاریی میلیلـدا هەیەتـی، و لـە دەرەوەی ئـەو مێـژووە ڕەسـمیەی جەنگەکانـی و دەوڵەتەکـەی کـە بـۆی نووسراوەتـەوە. بـۆ نموونـە: تەمەنـی منداڵیـی چـۆن بەسـەر بـردووە؟ کـە لـەم لایەنـەوە ژیاننامـە کۆنەکانیـش ناتەواویـی زۆریـان هەیـە. پاشـان هەڵسوکـەوت و شـێوازی مامەڵـە و ڕەفتـاری لەگـەڵ دەوروبـەر و کەسـانی تـر لـە ژیانـی ڕۆژانەیـدا، و سـیفەت و ئـەدگارە سروشـتی و ڕەوشـتیەکانی، و بەکورتـی ژیاننامـەی صەلاحوددیـن وەکـوو مرۆڤێـك، مرۆڤێـك بـە ئازارکێشـان و لاوازی و لایەنـە نێگەتیڤەکانیشـیەوە. هەمـوو ئەمانـە دەتوانـن صەلاحوددینـی مرۆڤمـان پـێ بناسـێنن، دیمەنەکانـی پشـتی شـانۆی ژیانـە ڕەسـمیەکەی و ڕۆڵـە مێژووییەکـەی کـە ئەفسـانەیەکی لـێ درووسـتکردووە. کـە ئـەم دیمـەن و حاڵەتـە مرۆییانـەی صەلاحوددیـن

هەندێك لایەنیان لە ژیاننامە ڕەسمیەکە و کەسێتیە جەماوەریەکەدا هەر دەرناکەون. بۆ نموونە: کەم کەس دەزانێت کە صەلاحوددین شەلینێکی هەبووە، کە شەلین، ڕێکردنی شەلە-شەل، لەناو ئەوانەی ژیانیان بە ئەسپسواری بەسەر دەبەن؛ شتێکی بڵاوە. بەڵام ـ بۆ نموونە ـ لە هیچ یەکێك لەو نمایش و فیلمانەی بۆ بەرجەستەکردنی ئەم کەسێتیە ئەنجام دراون؛ ئەم لایەنەی کەسێتیەکە ناخرێتە ڕوو، چونکە زیان دەگەیەنێت بە وێنە زەینیە کامڵەکە!

هەر لەم بابەتە لە قۆناغێکدا، بەتایبەتی لە جەنگی (مەرج عەککا)، وەکوو (ئیبن شەدداد) لە «النوادر السلطانية»ـدا ـ کە ژیاننامەی صەلاحوددینە ـ دەگێڕێتەوە، تووشی نەخۆشییەك بووە کە لە ناوقەدی بۆ خوارەوە هەتا ئەژنۆکانی دومەڵی زۆری لێ هاتووە، بە شێوەیەك نەیتوانیوە لەسەر قنگ دابنیشێت، بەڵکو لە خێوەتەکەیدا لەسەر لا ڕادەکشا، هەتاکوو نەیدەتوانی دابنیشێت بۆ نانخواردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە بەیانیەوە هەتاکوو خۆرئاوابوون سواری ئەسپەکەی دەبوو و دەهات و دەچوو و بەرگەی ئێش و ئازاری ئەو دومەڵانەی دەگرت. ئیبن شەدداد دەڵێت: منیش ئەوەم پێ سەیرم بوو، ئەویش دەیوت: وەختێك سواری ئەسپ دەبم؛ ئازارەکەم نامێنێت هەتا دادەبەزم(٣).

ئەم حاڵەتە هەرچەند نیشانەی توانای خۆڕاگریی زۆری صەلاحوددین دەگەیەنێت، و ئەوەش دەگەیەنێت کە لە پێناوی «جیهاد»ەکەی خۆیدا تەندروستیی خۆی پشتگوێ خستووە، بەڵام لە هەمان کاتدا وێنەی صەلاحوددین وەکوو کەسێك لەبەر دومەڵ نەتوانێت لەسەر قنگ دابنیشێت؛ وێنەیەك نیە پێشان بدرێت و وەکوو لایەنێکی کەسێتیە پرشنگدارەکە دەربکەوێت، چونکە وێنە ئەفسانەییەکە لەوە گەورەتر و بەرزترە حاڵەتێکی سروشتیی نالەباری لەم شێوەیەی پێوە دەربکەوێت!



نیگارێک، کە بڕوا وایە صەلاحوددین دەنوێنێت، دەوروبەری (١١٨٥ ز.)

لایەنێکی تر کە ڕەنگە بۆ زۆر کەس چاوەڕواننەکراو بێت و پێچەوانەی وێنە پیرۆزکراوەکەی کەسێتیەکە بێت؛ ئەوەیە صەلاحوددین بەگەنجی مەیخۆر بووە، هەتا لە میصر خەلیفەی فاطیمی (ئەل-عاضید) دەیکاتە وەزیر لە جێی شێرکۆی مامی، و نازناوی «الملك الناصر»ی پێ دەبەخشێت، ئینجا صەلاحوددین «تەوبە» دەکات و واز لە مەیخواردنەوە دەهێنێت. ئەم باسە لای ئەوانە هاتووە کە مێژوونووسی بنەماڵە بوون و دۆست و کارمەندی دەوڵەتەکەیان بوون، و ڕەنگە یەکەم سەرچاوە ئەو دەقە بێت کە بە «منتخبات من كتاب التاريخ لصاحب حماة تاج الدين شاهنشاه بن أيوب» ئاماژەی بۆ دەکرێت و ژیاننامەکەی صەلاحوددین لەخۆدەگرێت، کە دەڵێت: کە کارەکە (مەبەستی ویزارەتی ئەل-عاضید دوای شێرکۆ) درایە دەست صەلاحوددین؛ لە مەیخواردنەوە گەڕایەوە و لە ڕێگاکانی ڕابواردن و بێئاگایی ڕووی وەرگێڕا، و کراسی سەنگینیی پۆشی، و لەسەر ئەمە بەردەوام بوو هەتا خوا بردیەوە بۆلای خۆی «ولما فوّض الأمر إلى صلاح الدين؛ تاب عن شرب الخمر، وأعرض عن أسباب اللهو، وتقمص لباس الجد، ودام على ذلك إلى أن توفاه الله تعالى». هەروەها (ئیبن ئەل-عەدیم) لە «زبدة الحلب في تاريخ حلب» و (ئەبوو شامە) لە «الروضتين في أخبار الدولتين» هەمان وتەیان بە دەستەواژەیەکی نزیك هێناوەتەوە، دوای ئەوانیش (ئیبن خەللیکان) لە «وفيات الأعيان» و (ئیبن واصیل) لە «مفرج الكروب في أخبار بني أيوب» و (ئەبو ئەل-فیدا) لە «المختصر في أخبار البشر» و (ئەل-ذەهەبی) لە هەردوو «تاريخ الإسلام» و «سير أعلام النبلاء» و (ئەل-عومەری) لە «مسالك الأبصار» و (ئەل-یافیعی) لە «مرآة الجنان»، هەمان زانیاری و وتەی ئیبن شەدداد، بە هەمان دەستەواژە یان نزیك لەوە، دەگوازنەوە(٤).

گێڕانەوەکەی (ئەل-ذەهەبی) ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کاتەی شارەوان «شِحْنَة»ی دیمەشق بووە؛ مەیی خواردووەتەوە، ئینجا دوایی «تەوبە»ی کردووە، یانی وازی لە مەی هێناوە: «وَكَانَ صَلَاحُ الدِّيْنِ شِحْنَةَ دِمَشْقَ، فَكَانَ يَشْرَبُ الْخَمْرَ، ثُمَّ تَابَ»(٥)، «وكَانَ شِحْنَةَ دِمَشْقَ، وَيَشْرَبُ الْخَمْرَ»(٦)، ئەمەش یانی هەتا لە شام بووە و دواییش لە میصر تا ئەو کاتەی بووەتە دەسەڵاتدار؛ مەیی خواردووەتەوە، ئیتر بە گرتنەدەستی دەسەڵات لە میصر؛ بەتەواوی وازی لێ هێناوە و بۆی نەگەڕاوەتەوە، بە دەستەواژەی ئەل-ذەهەبی: «فمُذْ بَاشَرَ المُلْكَ؛ طَلَّقَ الْخَمْرَ وَاللَّذَّاتِ»(٦)، «وَمُنْذُ تَسَلْطَنَ، طَلَّقَ الْخَمْرَ وَاللَّذَّاتِ»(٧).

ئەم ڕابردوو و پێشینەیەی صەلاحوددین زۆر سروشتیە بۆ فەرمانڕەوایانی ئەو سەردەمە، هەتاکوو بۆ دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتیش، لەناو بنەماڵەی ئەیووبیدا کەسانی تریش هەبوون کە سەرگەرمی مەینۆشین و گاڵتەوگەپ و بێئاگایی بوون، وەکوو (الملك الأفضل) عەلی (٥٦٦-٦٢٢ ك.)، کوڕە گەورەی صەلاحوددین، کە «وەلیی عەهد»ی بوو، دوای مردنیشی بووە پاشای دیمەشق، جا ئەمیش ـ وەکوو (ئیبن کەثیر) لە «البداية والنهاية»دا دەڵێت ـ سەری کردە سەر خواردنەوەی مەی و ڕابواردن و گاڵتەوگەپ «أقبل على شرب المسكر واللهو واللعب»(٨).

بەڵکو زۆریشە بۆ صەلاحوددین ئەگەر بەڕاستی توانیبێتی بەتەواوی واز لە مەینۆشی بهێنێت، و هەتا

کۆتایی ژیانی جارێکی تر نزیکی نەبووبێتەوە. بەڵام دیسان ئەم لایەنەش لە کەسێتیەکەی شتێك نیە ئەوانەی ئەفسانەیەکیان لەم کەسێتیە خولقاندووە بیخەنە بەر چاو، چونکە کەسێتیەکە بە مرۆڤ دەکاتەوە و لەو پلە بەرزە ئایدیالیە دەیهێنێتە خوارەوە! و ڕەنگە بۆ زۆربەی هەوادارانی کەسێتیەکە نەزانراویش بێت کە صەلاحوددین لە قۆناغێکی ژیانیدا مەیخۆر بووە، چونکە بۆیان باس نەکراوە!

ئەم چەند لایەنە لە چاو کۆی کەسێتیەکە ئەوەندە گرنگ نین، بەڵام چەند نموونەیەکن بۆ خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ ژیان و ڕەوتاری ئەم کەسێتیە، بۆ بەمرۆڤکردنەوەی و بینینەوەی صەلاحوددین وەکوو مرۆڤ و لە مێژوو و قۆناغی خۆیدا، بەدوور لەو ئەفسانەیەی خەڵك حەزی پێ دەکات و بۆ ئەجێندای جۆراوجۆر فرمانگەلێك دەبینێت.

## صەلاحوددین وەکوو سەرکردە و ڕابەری «جیهاد»

خوێندنەوەیەکی وردتر بۆ ژیاننامەی میلیتاریی صەلاحوددین، و نەخشە و ڕێچکەی هەڵمەتە سەربازیەکانی، و ئامانج و چاوەڕوانیی جەنگ و ئابلووقە و کێشمەکێشەکانی، و سەرکەوتن و هەروەها شکستەکانی، هەنگاوە ڕاست و دروست و هەروەها هەڵەکانی؛ ئەمە هەمووی لایەنێکی گرنگی تری ژیاننامەی واقیعیی صەلاحوددینە وەکوو سەرکردەیەکی سەربازی و «موجاهید»ێك. نووسراوە مێژووییەکانی ئەوانەی لە بنەماڵەکەوە نزیك بوون ئەگەر بەوردی بیانخوێنینەوە؛ کەرەستەیەکی باش دەخەنە بەردەست بۆ ئەم ئامانجە. لە ڕێگەی ئەمەوە لە نزیکەوە صەلاحوددینی سەرکردە دەناسین، لەگەڵ ئامانجە باڵاکانی بە ئامانجە شەخسی و بنەماڵەییەکانی ئاشنا دەبین، و لەگەڵ دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی دەرکی شکست و هەڵە ستراتیجی و تەکتیکیەکانی لە جەنگەکانیدا دەکەین، و لەگەڵ تواناکانی لە بواری سەرکردایەتیدا؛ هەست بە لایەنەکانی لاوازیی سوپا و هەڵمەتەکانی دەکەین. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیەوە؛ بۆمان دەردەکەوێت مێژووی صەلاحوددین هەمووی سەرکەوتن نیە، بەڵکوو کێشەگەلی زۆر و لەمپەر و شکستی زۆریش ئەو مێژووەی تەنیوەتەوە، و دەبینین چۆن صەلاحوددین ئەو «سوڵتانی موسوڵمانان»ـە نیە کە بیری لێ دەکرێتەوە، بەڵکو قورسایی و ئەرکی جەنگەکانی کە صەلاحوددین و بنەماڵەکەی بۆ خۆیان شانیان داوەتە بەریان؛ کەوتووەتە سەر شانی میصر و شام، و ئەمەش بارێکی قورسی خستووەتە سەر شانی خەڵکی شار و ئاوەدانیەکانی میصر و شام، هەر لە باجی قورسەوە هەتاکوو دابینکردنی سەربازی سوپاگەلی فەرماندەکانی صەلاحوددین، و ئیتر نە عەبباسیەکان لە بەغدادەوە و نە فاطیمیەکان لە میصرەوە هاوکارییان نەکردووە، بەڵکو صەلاحوددین هەمو کارەکانی لە ڕێگەی «ئەمیر» و فەرماندەکانی بنەماڵەکەی خۆی و ئەوانەی بە جۆرێك بەستوونیەوە بە بنەماڵەکەیەوە ڕاپەڕاندووە (ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی صەلاحوددین وەکوو سەرۆکی بنەماڵەیەك

و دەسـەڵاتێك كـە لـە كێشمەكێشـدایە لەگـەڵ بنەماڵەكانـی تـر و دەسـەڵاتەكانی تـر، كـە هـەرزوو خـۆی لـە بنەماڵـەی زەنگـی جیاكـردەوە و كەوتـە كێشـمەكێش لەگەڵیـان، دەسـەڵاتی فاطیمیەكانیشـی لەناوبـرد و لەگـەڵ دەسـەڵاتی عەبباسـییش ئەوەنـدە هـاوكار نەبـوو). بەتایبەتـی كـە سـوپاكەی سـوپایەكی تـەواو ڕێكخـراو و «نیزامـی» نەبـووە، بەڵكـو زۆربـەی لـە كۆمەڵـە هێزێـك پێكهاتـووە كـە هـەر یەكەیـان سـەر بـە «ئەمیـر» و فەرماندەیـەك بـووە كـە لـە كاتـی پێویسـتیدا بانـگ كـراون، و هـەر بۆیـە ئینتیـمای ناوچەیـی و خێڵەكـی و نەتەوەیـی ئـەو هێزگـەل و سـەربازانە جۆراوجـۆر بـووە، هـەر بۆیـە كۆنترۆڵكردنـی سـوپایەكی لـەم جـۆرە كارێكـی قـورس بـووە. هەروەهـا لاوازیـی هێـزی كەشـتیگەلی صەلاحوددیـن لـە جەنگەكانـی لەگـەڵ خاچیـەكان دەركەوتـووە.

## صەلاحوددین وەكوو فەرمانڕەوایەكی سەردەمی خۆی

ڕەوتـار و شـێوازی صەلاحوددیـن وەكـوو فەرمانـڕەوا و سیاسـی و بەڕێوەبەرێـك چـۆن بـووە؟ ئایـا ئامانجـی صەلاحوددیـن تەنهـا «جیهـاد» و سـەندنەوەی ئەل-قـودس بـووە لـە خاچیـەكان یـان ئەویـش لـە هەمـان كاتـدا خەریكـی پێكەوەنانـی دەوڵەتـی بنەماڵەیـی بـووە وەكـوو گەلێـك بنەماڵـەی تـری ئـەو سـەردەمە كـە بـە دەوڵەتۆكـە (دەوڵەتـی بنەماڵەیـی)ی زۆر و كێشمەكێشـی نێـوان جیادەبێتـەوە. صەلاحوددیـن چـۆن لەنـاو ئـەو فرەڕەنگیـە نەتەوەیـی و مەزهەبیـەی ئـەو ڕۆژگارەدا هەڵیكـردووە؟ چـۆن كێشمەكێشـی سیاسـیی خـۆی لەگـەڵ بنەماڵەكانـی تـردا كـردووە؟ بـەو بنەماڵانەیشـەوە كـە پێشـتر لەژێـر سـایەیاندا بـووە، وەكـوو بنەماڵـەی زەنگـی، و چـۆن دوایـی لەگـەڵ نـەوەی نووروددیـن مەحمـوود لەسـەر دەسـەڵات و هەتاكـو پـارە و میراتیـش كێشمەكێشـی كـردووە. ئینجـا كەرتەكانـی شانشـینیەكەی صەلاحوددیـن كامەیـان سـەنگ و قورسـایی زیاتـر بووە. دوای ئەمانـە شـێوازی فەرمانڕەوایـی و سیاسـەتكردنی چـۆن بـووە؟ چـۆن ئەندامانـی خێـزان و بنەماڵەكـەی لـە دەوری خـۆی كۆكردووەتـەوە و ڕازیـی كـردون تـا لەژێـر سـەركردایەتیی خـۆی پێكـەوە بگونجێـن؟ و چـۆن هەمیشـە و هـەر لـە سـەرەتاوە پشـتی بەسـتووە بـە بەخشـینی پـارە بـۆ ڕاكێشـانی دڵـی خەڵـك و ڕازیكردنیـان و سـەلماندنی خـۆی وەكـوو سـەركردە و فەرمانڕەوایەكـی خۆشەویسـت، و چـۆن دوایـی شانشـینیەكەی لەنێـوان كوڕەكانـی و ئەندامانـی تـری بنەماڵـەی دابـەش كـردووە. و تـا چ ڕادەیەكـی صەلاحوددیـن پەنـای بـۆ توندوتیـژی بـردووە و بـە چ پاسـاو و بیركردنەوەیەكـەوە توندوتیژیـی نوانـدووە؟ ئـەو میهرەبانـی و بەزەیـی و پیاوەتـی و بەوەفاییـەی صەلاحوددیـن كـە لایەنێكـی گرنگـی كەسـێتیە ئەفسانەییەكەیەتی؛ سنوورەكەی تـا كـوێ بـووە؟ بـێ گومـان سروشـتی سـەردەمەكە وا بـووە كـە توندوتیـژی و توندبـوون مەرجـی سیاسـەت و چەسـپاندنی دەسـەڵات و فەرمانڕەوایـی بـووە، دەسـەڵات بـۆ ئـەو هێـزە بـووە كـە زیاتـر جێـی مەترسـی بێـت، بـۆ ئـەو پیـاوە بـووە كـە «هەیبـەت» و ترسـی زیاتـر بخاتـە دڵـی ڕكەبەرەكانیـەوە، هەروەهـا هـەر توندوتیژییـەك لـە پێنـاوی ئاییـن و هێـما ئایینیـەكان بێـت و كاتێـك ئاییـن هەڕەشـە و مەترسییان لەسـەر بێـت پێویسـت بێـت؛

بە «فەزیلەت» زانراوە، بۆیە بە پێوەری ئەو ڕۆژگارە توندوتیژبوون مەرجێکی سەرکردەی لێهاتوو بووە. لێرەدا ئەوەی پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین چەند شتێکە: بزانین پاساو و بەرەوازانینی توندوتیژی لای صەلاحوددین و لە چوارچێوەی سەردەمەکەی خۆی و قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکەی؛ چۆن بووە؟ چ کاتێك و بەرامبەر کێ و چ لایەن و کەسانێك صەلاحوددین پەنای بۆ توندوتیژی بردووە؟ بەرامبەر چ گرووپێکی مەعریفی یان ئایینی و مەزهەبی توندوتیژیی نواندووە؟ چۆن مامەڵەی لەگەڵ دوژمنەکانی کردووە؟ ئەمە شیکارییەکیی مێژوویی و لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەو مێژووەی دەوێت، دوای ناسینی سروشتی ئەو سەردەمە و ئەو قۆناغە. ئەمانەش هەموویان واقیعیانەتر صەلاحوددینمان پێ دەناسێنێت، بەبێ دادگاییکردنی بە پێوەری سەردەم و قۆناغی ئەمڕۆ، و هەم بەبێ ئایدیالیزەکردن و بەئەفسانەکردنی بەپێی چاوەڕوانیەکانی ئەمڕۆ یان بنەما بان-مێژووییەکان.

لە هەمان کاتدا و بۆ تەواوکردنی شیکارە مێژووییەکە و ناسینی واقیعیی کەسێتیەکە؛ پێویستە لایەنە نێگەتیڤەکانی کارەکانی صەلاحوددین ـ و ئەیووبیەکانی پاشی ـ بخرێنە ڕوو، هەر لە بەردەوامبوونەوە لەسەر دەوڵەتداریی تورکمانی و درێژەدان بە پێکهێنەری تورکی لە سوپا و دەوڵەتدا و بەجێهێشتنی کوردستان لەژێر دەستی دەسەڵاتە تورکیەکاندا، هەتاکوو پشتیوانیی ئیسلامی سوننی، و لەناوبردنی دەوڵەتی فاطیمی و کەلەپووری دەوڵەمەندیان، و قەتڵوعامی شیعە لە میصر، و دژایەتیی فەلسەفە و فەیلەسووفان و کوشتنی سوهرەوەردی، و ـ لە ڕوانگە ئیسلامیەکەیشەوە ـ وەکوو گەمە سیاسیەکانی و پێشخستنی بەرژەوەندیی کەسی و بنەماڵەیی بەسەر بەرژەوەندیی گشتیی موسوڵمانان و نیشتمانی ئیسلامیدا، بۆ نموونە؛ ڕێکەوتنی لەگەڵ خاچیەکان لە هەندێك قۆناغدا بە جۆرێک کە بە قازانجی ئەوان شکاوەتەوە، و کێشمەکێش و شەڕکردنی لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی، لەگەڵ نووروددین زەنگی و زەنگیەکانی پاشی، و لەگەڵ خەلیفەی عەبباسی. و هەتاکوو قورسکردنی شانی خەڵك بە باج، و دابەشکردنی وڵاتانی ژێردەستی لەنێوان پیاوانی خێزان و بنەماڵەکەی، و ناکۆکیی ئەم جێگرەوانەی، و هەتاکوو نیشتەجێکردنی یەهوود لە فەلەستین، کە لە ڕوانگە عەرەبی-ئیسلامیە نوێیەکەوە ڕەخنەی هاتووەتە سەر. هەموو ئەم لایەنانە، کە درەوشانەوەی کەسێتیە ئەفسانەییە ئیسلامیەکەیشی کەمدەکەنەوە، دەبێت بەپێی سەرچاوە سەرەکی و ڕەسەنەکان ڕوون بکرێنەوە، کە ئەمە توێژینەوەگەلێکی پشوودرێژ دەخوازێت.

## ئەفسانەی (صەلاحوددین)ی پاڵەوانی نەتەوەیی کورد

ئەفسانەی (صەلاحوددین)، شێوگێکی نەتەوەییشی هەیە، ئەویش لای کورد. لە ڕۆشنبیریی کوردییشدا صەلاحوددین ئەفسانەی پاڵەوانێکی نەتەوەییە.

لە ڕۆشنبیریی کوردیدا بۆچونێکی ئاوەژوو و ناواقیعی هەیە دەربارەی کەسێتیی صەلاحوددین، کە زۆر جار وەکوو پاڵەوانێکی نەتەوەیی کورد بۆی دەڕوانرێت، و وا بیری لێ دەکرێتەوە کە شانازییەکی نەتەوەیی مێژوویی بۆ کورد تۆمار کردووە، یان ڕۆڵە مێژووییەکەی بە جۆرێك پەیوەندیی بە کوردبوونیەوە هەیە. ئەم تەصەووره بەتایبەتی لەلای تەوژمە ئیسلامیە کوردیەکە خوازراوتر و باوترە، بە کاریگەریی پاڵنەرە ئایینیەکە و گونجاویی ئەم تەوژمە لەگەڵ ئەو ڕێوشوێن و شێوازەی صەلاحوددین و ئەییووبیەکان بەگشتی گرتوویانەتە بەر کە لە خزمەتکردنی ئامانجە ئیسلامیەکاندا بەرجەستە دەبێت بەبێ لاکردنەوە لە ئامانجی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نەتەوەیی.

بەم شێوەیە لە لای تەوژمە ئیسلامیەکە؛ «ئێمە ڕۆڵەی صەلاحوددینین» جێی «ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین» دەگرێتەوە! و هەمیشە ئیسلامیە عەرەبەکانیش بە «أحفاد صلاح الدین» ختووکەی هەستی ئیسلامیی کورد دەدەن. کە لە ڕاستیدا نەوەی ڕاستەقینەی صەلاحوددین و ئەییووبیەکانی پاشی لەناو خەڵکی شام و میصردا تواونەتەوە، و ئەمڕۆ تاکە یەك بنەماڵەی کوردیش نیە خۆی بباتەوە سەر ڕەچەڵەکیان. لەلایەنی هێماییشەوە؛ تەنها تەوژمە ئیسلامیە کوردیەکە، یان ئەو کەس و کەسێتیە کوردانەی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی خەریکی خزمەتی ئەجێندا ئیسلامیەکانن، شیاون بۆ ئەوەی بە «نەوەی صەلاحوددین» ناوبرێن.




دروشمی هێزی «لواء أحفاد صلاح الدین» لە سووریا

لەناو تەوژمە نا-ئیسلامیەکەیشدا، وەکوو بەتایبەتی تەوژمە نەتەوەییەکە، شانازیکردن بە کەسێتیی صەلاحوددینەوە هەر ـ کەم تا زۆر ـ هەیە، بەلای کەمەوە ئەو شانازیە بە صەلاحوددینەوە دەکرێت کە شۆڕەسوارێکی کوردە و سەرکردەیەکی کوردیە کە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤی کورد لە مامەڵەی نەفسبەرزانە و سەربەرزانە لەگەڵ دوژمنانیشدا بەرجەستە دەکات، و گوایە شۆڕەسواری «فورووسییەت»ـەکەی صەلاحوددین لە کوردبوون و پەروەردەی کوردیەوە سەرچاوەی گرتووە. چۆن و لە کوێ صەلاحوددین ئەم پەروەردە کوردانەیە کراوە؛ ئەمە باس ناکرێت! چۆن و بە چ بەڵگەیەك؛

ئەمە بەلایانەوە گرنگ نیە! چونکە ئایدیۆلۆجیا لە مەراقێکەوە نزیکترە، مەراقی شوناس و خۆدۆزینەوە و خۆجیاکردنەوە، تاکو مەعریفەیەکی پشتبەستوو بە بەڵگە و بەڵگەسازی.

یان بەلای کەمەوە وا بیر دەکرێتەوە کە ئەو صەلاحوددینەی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و لە جەنگێکی نیمچەجیهانیی سەدەکانی ناوەڕاستدا ـ کە جەنگە خاچیەکانە ـ وەکوو پاڵەوانێك دەرکەوتووە؛ کوردە و لە بنەماڵەیەکی کوردە، و ئیتر هەر ئەمە لە خۆیدا جێی شانازیە. وەکوو چۆن دەوترێت (ئیبن ئەل-صەلاح ئەل-شەهرەزووری) و (زەینوددین ئەل-عیراقی) و (ئیبن ئەل-حاجیب) و (ئەحمەد شەوقی) و (ئەل-عەققاد) و کێ و کێ کوردن (یان لە سەرێکەوە کوردن)، کوردن بە خوێن! ئیتر ئەمە لە خۆیدا وەکوو شانازییەك بۆی دەڕوانرێت، کە لە ڕاستیدا ئەمە لە پڕکردنەوەی ناتەواوی و بۆشاییەکەوە کە هەستی پێ دەکرێت نزیکترە. ئەگەرنا ئەم کەسێتیانە بەشێك نین لە مێژوو و سەرمایەی کۆمەڵگای کوردستانی و میراتەکەیان بۆ کوردستان و کۆمەڵگای کوردی بەجێنەماوە، تەنها ئەوەندە دەزانرێت کە ڕەچەڵەك و بنچینەی کوردییان هەیە.

بەڵام ئەمە لایەنێکی تری ئەفسانەی صەلاحوددینە کە دەبێت بەتاڵی بکەینەوە. کاتی ئەوەی هاتووە تێكبشکێنرێت، و ئەم کەسێتیە وەکوو واقیعی خۆی بینابکرێتەوە، وەکوو خۆی بناسرێت. بۆیە ئەم وتارە بۆ وتنی ئەو شتانەیە کە نەوتراون، بۆ دەرخستنی ئەو لایەنانەی تری کەسێتیی صەلاحوددینە کە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا دەرنەخراون.

## کوردبوون، و ڕەچەڵەکی ئەییووبیەکان:

### عەرەبن: ئومەوین؟ یان تورکمان؟ یان کوردی هەدەبانیی ڕەوادی؟

دەزانین کە ئینتیمای نەتەوەیی لەو سەردەمەدا ڕوون نەبووە، کە سەردەمێك بووە ناسنامەی عەرەبی و تورکی و فارسی و کوردی بە جۆرێك تێکەڵ بوون و لە ناسنامەیەکی ئایینی و نیشتمانیدا تواونەتەوە، ئیتر تەنها ئینتیمای تری وەکوو ڕێبازی ئایینی و بنەماڵەی فەرمانڕەوا و ئەو دۆستایەتی و «وەلاء»ـانەی بە هۆی ئەمانەوە دروست دەبن توانیویانە جیاکارییەکی جیددی بسازێنن. لە چوارچێوەیەکی وەهادا هەتاکو ناوی کەسێتیەکانیش نابێتە بەڵگەی دڵنیاکەرەوەی ئینتیمای نەتەوەییان، هەر بۆ نموونە؛ صەلاحوددین هەڵگری ناوێکی عەرەبیە کە «یوسف»ـە، برایەکیشی بە هەمان شێوە کە ناوی «أحمد» بووە (ئەبو بەکر، کە نازناوی «ئەل-مەلیك ئەل-عادیل» بووە)، بەڵام دوو برای ناوی فارسیانەیان هەیە کە «تووران شاه» و «شاهانشاه»ـن (لە هەمان کاتدا «تووران شاه» لە واتادا ئینتیمایەکی تورکیی تێدایە)، دوو برای تریشی ناوی تورکییان هەڵگرتووە، کە یەکێکیان «بۆری»ـە (ئەبوو سەعید، ناسراو بە «تاج الملوك»)، کە «بۆری»

وشـەیەکی تورکیـە بـە واتـای ‹گـورگ› کـە هێمایەکـی گرنگـی کولتـووری تورکیـە، ئـەوی تریشـیان «توغتەکیـن» (نـاسراو بـە «الملـك العزیـز» و «سـیف الإسـلام») کـە ئـەم نـاوە بـە تورکـی واتایەکـی وەکـوو «ئاڵاهەڵگـری تاقانـە»ی هەیـە («تـوغ» لـە بنەڕەتـدا نیشـانێك بـووە لـە کلکـی ئەسـپ بەسـەر سـتوونێکەوە کـە وەکـوو ئـاڵا هەڵگیـراوە، بەتایبەتـی لەلایـەن «خان»ـەکانەوە، و بنەڕەتێکـی مۆنگۆلیـی هەیـە). لـە هەمـان کاتیشـدا نـاوی «شێرکۆ» («شـیرکوە» بەپێـی سـەرچاوە عەرەبیـەکان)ی مامـی و «شـادی» («شـاذي»)ی باپیـری نـاوی کوردیـن، ئەگەرچـی ئـەم دو نـاوە لـە هەمـان کاتـدا فارسییشـن (فارسـی لێـرەدا تەنهـا زمانـی فارسـیش نیـە، بەڵکـو زمانـی ئەدەبیـی سەلجووقیەکانیشـە). بۆیـە ئـەم ناوانـە هیچیـان لـە خۆیانـدا نابنـە بەڵگـەی عەرەبـبوون، یـان فارسـبوون، یـان تورکـبوون، یـان هەتـا کوردبـوون، بـۆ بنەماڵـەی ئەییووبـی.

وەکـوو لـە ناوەکانیشـەوە دیـارە؛ پێکهاتنـی کەسـێتیی صەلاحوددیـن خۆیشـی کاریگەریـی هەمـوو ئـەم ناسـنامە و ئینتیـما تورکـی و فارسـی و عەرەبیانـەی تێدایـە.

پێـش هەمـوو شـتێك ڕوونـە کـە ئامادەیـی صەلاحوددیـن لـە مێـژووی عـەرەب و وتـاری نەتەوەیـی عەرەبـی کەسـێتیەکەی کردووەتـە کەسـێتییەکی عەرەبـی، و بنەچـە کوردیەکـەی داپۆشـیوە. کاتێکیـش بنەماڵەکـە لـە وڵاتانـی عەرەبیـدا بوونەتـە فەرمانـڕەوا؛ هەندێکیـان خۆیـان لکانـدووە بـە ڕەچەڵەکـی خێڵـە عەرەبەکانـەوە، وەکـوو دواتـر دەبینیـن. و ئێسـتەش گەلێـك ڕۆشـنبیری عـەرەب هـەوڵ دەدەن صەلاحوددین بکەنە کەسـێتییەکی عەرەبـی لـە ڕەچەڵەکێکـی عەرەبـی.

لـە لایەکـی تریشـەوە و هـەر لـە بنەڕەتـەوە دەرکەوتنـی بنەماڵـەی ئەییووبـی سـەرەتا لەژێـر باڵـی بنەماڵـەی (زەنگـی)ی تورکمانـدا بـووە، و لـە دەروازەی بنەماڵـەی (زەنگـی)ی تورکمانـەوە چوونەتـە مێـژووی سیاسـیی ناوچەکـەوە. ئەمـە وای کـردووە هەندێـك توێـژەر بگەنـە ئـەو بڕوایـەی کـە گوایـە بنەماڵـەی ئەییووبییـش تورکمانـن و لقێکـن لـە بنەماڵـەی زەنگـی! جگـە لـەو باکگراونـدە بەڵگەیەکیشـیان بـە دەسـتەوەیە، ئەویـش ئەوەیـە مێژوونووسـێکی یەمەنـی بـە نـاوی (ئەمیـر بەدروددیـن موحەممـەد کـوڕی حاتیـم ئەل-هەمدانـی) لـە کتێبـی «السـمط الغـالي الثمـن في أخبـار الملـوك مـن الغُـزّ في اليمـن» (سـاخکردنەوەی ج. ڕێکـس سـمیث، چاپـی لەنـدەن ١٩٧٤)، لـە ناونیشـانەکەوە وا دیـارە پاشـایانی ئەییوبیـی یەمـەن (و پاشـایانی ڕەسـوولی «الرسـولیون»ی جێگرەوەیـان) بـە «غـز» |غـوزز-| ناودەبـات، ئەمـەش یانی بـە تورکـی (ئۆغوز)یان دەزانێـت، کە سـەلجووقیەکان و ئەتابەگـەکان و دواییـش عوسـمانیەکان و زۆر بنەماڵـەی دەسـەڵاتداری تورکـی تریـش لـە خێڵەکانـی ئۆغـوز بـوون (تورکـی خۆرئـاوای ئاسـیا هەمـوو تورکـی ئۆغـوزن، ئەوانـەی بـە زمانەکانـی تورکمەنـی و تورکیـی ئەنەدۆڵـی و ئازەربەیجانـی و بەلقانـی، و هەروەهـا گاگاوزی، و تورکیـی خوراسـانی، و قەشـقایی، قسـەدەکەن). هـۆکاری ئەمـەش ڕوونـە کـە زنجیـرەی پاشـایانی ئەییوبیـی یەمـەن بـە لقێـک لـە بنەماڵـەی زەنگـی (و ئەمانیـش بـە لقێـک لـە سـەلجووقیەکان) دانـراون و هاتوونەتـە پێـش چـاو، بۆیـە بـەو شـێوەیە ناوبـراون.

ئێستەش گەلێك كەسێتی و وتەبێژی تورك نایشارنەوە كە صەلاحوددین بە تورك دەزانن، لە توركیا چەند جارێك بەرپرسی باڵای وەكوو (ئەردۆغان) و (داودئۆغڵوو) خۆیان وەكوو تورك بە «نەوەی صەلاحوددین» ناوبردووە!

بەڵام ئەوە ڕاستییەكی مێژووییە كە بنەماڵەی ئەییووبی بە ڕەچەڵەك كورد بوون و لە خێڵی (ڕەوادی) [یان «ڕەووادی»، یاخود «ڕەوەندی»] بوون كە بەشێكن لە گەلەخێڵی «هەدەبانی»، و بنەماڵەكەیان لە (دوین) یاخود (دڤین) Dvinی ئەرمەنستانەوە هاتووە.

سەرەتا (ئیبن ئەل-ئەثیر) لە «الكامل في االتاريخ»دا دەڵێت: شێركۆ و ئەییووبی برای، كوڕانی شادی («شَاذِي»)، لە شاری (دوین)ەوە هاتوون، و بنەچەیان لە كوردانی (ڕەوادی)ە، و ئەم بنەچەیە لە ماڵباتە كوردە خانەدانەكانن: «كَانَ هُوَ وَأَخُوهُ نَجْمُ الدِّينِ أَيُّوبُ ابْنَا شَاذِي مِنْ بَلَدِ دُوِيْنَ، وَأَصْلُهُمَا مِنَ الْأَكْرَادِ الرَّوَادِيَّةِ، وَهَذَا النَّسْلُ هُمْ أَشْرَافُ الْأَكْرَادِ»(٩).

ئینجا لەدوای ئیبن ئەل-ئەثیرەوە مێژوونووسانی تر هەمان زانیاری دووبارە دەكەنەوە. ئیتر لە دەقی «منتخبات من كتاب التاريخ لصاحب حماة تاج الدين شاهنشاه بن أيوب»دا هاتووە دەڵێت: شێركۆ و ئەییووب، كوڕانی شادی، لە شاری (دوین)ەوە هاتوون، و ئیبن ئەل-ئەثیر وتوویەتی: بنەچەیان لە كوردانی ڕەوادیە «وكان شيركوه وأيوب ابنا شاذي من بلد دوين، قال ابن الأثير: وأصلهما من الأكراد الروادية». بە هەمان شێوە (ئەبوو شامە)، هەمان زانیاری، لەگەڵ پێناسەیەكی جیۆگرافیایی بۆ شاری دوین، دادەڕێژێتەوە، كە دەڵێت: ئەسەدوددین (شێركۆ) و نەجموددین (ئەییووب)ی برای كە گەورەترە، كوڕانی شادی، لە شاری (دوین)ەوە هاتوون، كە شارێكە لەوپەڕی وڵاتی ئازەربەیجان «وَكَانَ أَسد الدّين وَأَخُوهُ نجم الدّين أَيُّوب وَهُوَ الْأَكْبَر ابْنا شاذي من بلد دوين وَهِي بَلْدَة من آخر بِلَاد أذْرَبِيجان مِمَّا يَلِي الرّوم وأصلهما من الأكراد الروادية وَهَذَا الْقَبِيل من أشرف الأكراد»(١٠).

ئینجا ئیبن خەللیكان (ابن خَلِّكان) (٦٠٨-٦٨١ ك.) زانیاریەكانی ئەوانەی پێشوو دادەڕێژێتەوە لەگەڵ هەندێك ڕوونكردنەوەی زیاتر، و دەڵێت:

مێژوونووسان ڕێكەوتوون لەسەر ئەوەی كە باوك و كەسوكاری لە (دوین)ەوە هاتوون...، كە شارۆچكەیەكە لە كۆتایی هەرێمی ئازەربایجاندا لە لای ئەرڕان(١١) و گورجستان(١٢)، و [لەسەر ئەوەی] ئەوان كوردی ڕەوادین...، ڕەوادیەكانیش لقێكن لە هەدەبانیەكان...، كە خێڵێكی گەورەن لە كورد «اتفق أهل التاريخ على أن أباه وأهله من دوين...، وهي بلدة في آخر عمل أذربيجان من جهة أران وبلاد الكرج، وأنهم أكراد روادية...، والروادية: بطن من الهذبانية...، وهي قبيلة كبيرة من الأكراد» (دواتر دەڵێت: ئیبن ئەل-ئەثیر لەو مێژووەیدا كە نووسیویەتی بۆ دەوڵەتی ئەتابەگیی مووسڵ، باسی كردووە كە شێركۆ و ئەییووب، كوڕانی شادی، لە دوینەوە هاتوون، و بنەچەیان لە كوردانی ڕەوادیە).

ئینجا دەڵێت: کابرایەکی زانا و شارەزا بۆی باس کردم کە خۆی خەڵکی دوین بوو کە لەسەر دەروازەی شارۆچکەی دوین گوندێك هەیە پێی دەوترێت «ئەجدانەقان» [«أَجْدَانَقَان»= «ئاژدانـاکان» **Աջդանական** لە لای مێژوونووسی ئەرمەنی (مۆفسێس خۆرێناتسی)، وەکوو مینۆرسکی باسی کردووە] کە دانیشتووانی هەموویان کوردی ڕەوادین، و لەدایكبوونی ئەییووب باوکی صەلاحوددین لەم گوندە بووە، و شادی هەردوو کوڕەکەیی ـ ئەسەدوددین شێرکۆ و نەجمووددین ئەییووب ـ بردووە و هێناونی بۆ بەغداد، لەوێشەوە ڕوویان کردووەتە تەکریت، و شادی لەوێ مردووە کە گۆڕەکەی گومەزێکی لەناو شارەکەدا هەیە «وقال لي رجل فقيه عارف بما يقول، وهو من أهل دوين: إن على باب دوين قرية يقال لها ‹أَجْدَانَقَان›.. وجميع أهلها أكراد روادية، ومولد أيوب والد صلاح الدين بها، وشاذي أخذ ولديه أسد الدين شيركوه ونجم الدين أيوب وخرج بهما إلى بغداد، ومن هناك نزلوا تكريت، ومات شاذي بها، وعلى قبره قبة داخل البلد». پاشان دەربارەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکە دەڵێت: زۆر بە دوای بنەچە و ڕەچەڵەکیاندا چووم نەمبینی کەسێك دوای شادی ناوی باپیرەیەکی تر بهێنێت، هەتاکوو زۆر نووسراوم بینیەوە کە قەباڵەی وەقف و مڵکایەتی بوون بە ناوی شێرکۆ و ئەییووبەوە، هەر ئەوەندەیان تێدا نووسرا بوو «شيركوه بن شاذي» و «أيوب بن شاذي» و هیچی تر «ولقد تتبعت نسبتهم كثيرا فلم أجد أحدا ذكر بعد شاذي أبا آخر، حتى إني وقفت على كتب كثيرة بأوقاف وأملاك باسم شيركوه وأيوب، فلم أر فيها سوى شيركوه بن شاذي، وأيوب بن شاذي، لا غير»(١٣).

بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێك لە توێژەران، لەوانە (ڤ. مینۆرسکی) V. Minorsky (١٨٧٧-١٩٦٦)، ئەو ئەگەرەیان باس کردووە کە ڕەنگە ئەم «ڕەووادی»ـانە بەبنەڕەت عەرەب بوون یانی عەرەبی کۆچەر، کە لە ناوەڕاستی سەدەی (٨ ز.)ـدا چوونەتە ناوچەی مەراغە و تەورێز و ورمێ، و لە سەدەی (١٠ ز.)ـدا ناسنامەی کوردییان وەرگرتووە و بوونەتە کورد، و گوایە «ڕەوواد» کە وەکوو باپیرەی ئەمانە دەردەکەوێت؛ کەسێکی عەرەب بووە لە خێڵی (ئەل-ئەزد)، کە فەرمانڕەوایەکی نیمچە سەربەخۆ بووە لە تەورێز، و لە (٢٠٠ ك.)ـەوە ناوی هێنراوە. هەرچەند مینۆرسکی خۆی بۆ ئەوە دەچێت «ڕەووادی» وەکوو ناوی خێڵێکی عەرەب جیابکرێتەوە لە «ڕەوادی»(١٤)، کە ئیبن خەللیکان بەڕوونی ناوی خێڵەکەی بنەماڵەی صەلاحوددینی بە شێوەی «ڕەوادی» («رَوَادِيَّة») تۆمار کردووە نەك «ڕەووادی» («رَوَّادِيَّة»).

ئینجا ئەم بنەماڵەیە کە هاتوونەتە عێراق و دوای ماوەیەك مانەوەیان لە تەکریت (لە ژێر سایەی شارەوانی تەکریت، بەهرووز ناوێك، کە لای ئەو کاریان کردووە) و پاشان ناچاربوونیان بە بەجێهێشتنی؛ ئیتر لەژێر سایەی بنەماڵەی زەنگیەکاندا بوون، و صەلاحوددین بۆ خۆی لە قەڵایەك لە تەکریت لەدایكبووە، و دوای ئەوەش لە بەعلەبەك و حەلەب و، پاشان لە دیمەشق لە دەرباری ئەمیری زەنگیی دیمەشق (نووروددین مەحموود)دا، پێگەیشتووە. و وەکوو موسوڵمانێکی عەرەبی سوننی پەروەردە بووە، و لەسەر عیشقی کەلەپووری عەرەبی-ئیسلامی و ئەدەبی عەرەبی گۆش بووە، و شیعری عەرەبیی لەبەر کردووە

(دیوانی «ئەل-حەماسە»ی ئەبوو تەمامی بەتەواوی لەبەر بووە)، و بایەخی داوە بە ڕەچەڵەکی عەرەب «علم الأنساب» و مێژووی عەرەب و سوارچاکیی عەرەبی و ئەسپی عەرەبی، و دواتریش سەرەتا لە میصر لەگەڵ دەسەڵات و سەرکردایەتیدا ئاشنا بووە.

ئیبن شەدداد، لە «وەصف»ی صەلاحوددیندا دەڵێت: خۆشمەشرەب و ڕەوشتجوان و قسەخۆش بوو، ڕەچەڵەکی عەرەب و مێژووی ڕووداوە گەورەکانی عەرەبی لەبەربوو، شارەزای ژیان و بارودۆخی عەرەب بوو، و ڕەچەڵەکی ئەسپی عەرەبییشی لەبەربوو «وَكانَ حَسَنَ العِشْرةِ لَطِيفَ الأَخْلاقِ طَيِّبَ الفُكاهةِ، حافِظًا لأَنْسابِ العَرَبِ ووَقائِعِهِم، عارِفًا بسِيَرِهِم وأَحْوالِهِم، حافِظًا لأَنْسابِ خَيْلِهِم»(١٥).

## ئایا ئەییووبیەکان کوردبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە؟

ئێنجا ئایا ئەییووبیەکان خۆیان بە کورد زانیوە؟ یانی ئایا بەکردەیی ئەمەیان دەربڕیوە؟ گومان لەمە هەیە و بەڵگە نیە لەسەری.

کورد لە ڕابردوودا لە شارداری و دروستکردنی مێژوو لە شاردا لاواز بووە، لە شارە گەورە و دێرینەکاندا هەمیشە هاوبەش و دەراوسێی بەهێز و زۆری هەبووە لە گەلانی تر. بەتایبەتی لە باکور و خۆرئاوا و ناوەڕاستی کوردستان کە «باشوور» ی پێ دەوترێت. ئەمە لە ناوخۆی کوردستان. لە دەرەوەی کوردستان؛ بێ گومانین کە بنەماڵە و کەسایەتیە کوردەکان شانازییان بە بنەڕەتی کوردیی خۆیانەوە نەکردووە. نابینین ئەییووبیەکان هەر بە ئاماژەیش ئاماژەیان بۆ کوردبوونی خۆیان کردبێت. ڕەنگە ئەگەر (ئیبن ئەل-ئەثیر) لە «الكامل في التاريخ»دا ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردایە کە ئەییووبیەکان لە خێڵی (ڕەوادیەکان) ی سەر بە گەلەهۆزی (هەدەبانیەکان)ن و لە (دوین)ی ئەرمەنستانەوە هاتوون و (ئیبن خەللیکانیش لە «وفيات الأعيان»دا ئەمەی بە زانیاریی وردترەوە دووپات نەکردایەتەوە)؛ ڕەنگە ئەو ڕاستیە ون ببوایە، چونکە (ئیبن ئەل-ئەثیر) بۆ ئەو جۆرە باسانە سەرچاوە بووە بۆ دوای خۆی.

بەڵکوو بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی هەندێک لە ئەییووبیەکان ڕەچەڵەکی عەرەبییشیان بۆ خۆیان ساز کردووە یان لێیان دەگێڕنەوە کە خۆیان بە عەرەب زانیوە، وەکوو ئەوەی (ئیبن خەللیکان) و (ئیبن واصیل) باسیان کردووە:


ئیبن خەللیکان لە «وفيات الأعيان»دا، سەرەتا دەڵێت: هەندێک لە سەرانی بنەماڵەی صەلاحوددین دەربارەی ڕەچەڵەکی شادیی باپیرەی پێی وتم ئەو «شادیی کوڕی مەڕوانە» («وقال لي بعض كبراء بيتهم: هو شاذي بن مروان»). ئێنجا دەڵێت: نووسراوێکم لەنێو کتێبێکدا بینی کە (الحسن بن غريب بن عمران الحرشي) ڕێکیخستبوو، کە بەم شێوەیە ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی تێدا هاتبوو: «أيوب بن

شـاذي بـن مـروان بـن أبي عـلي بـن عنـترة بـن الحسـن بـن عـلي بـن أحمـد بـن أبي عـلي بـن عبـد العزيـز بـن هدبـة بـن الحصـين بـن الحـارث بـن سـنان بـن عمـرو بـن مُـرَّة بـن عـوف...»، و ئـەم نـووسراوەی پێشکەشـی (الملـك المعظـم) کـردووە کـە ئەمیـش بـە ئامادەبوونـی (الملـك النـاصر)ی کـوڕی، بـۆی خوێنراوەتـەوە، و لەسـەر نووسراوەکـە بۆیـان تۆمـار کـراوە کـە ئامـادەی خوێندنـەوەی بـوون، ئەمـەش لـە کۆتایـی مانگـی ڕەجەبـی سـاڵی شەشسـەد و نـۆزدە.

بـەم شـێوەیە ئـەم کەسـە (ئەل-حەسـەنی کـوڕی غەریـبی کـوڕی عیمـران ئەل-حەڕەشـی) (بەپێـی ئـەم «نیسبەت»ـە؛ دەچێتـەوە سـەر هـۆزی «بەنـوو ئەل-حەریـش»، لقێـك لـە «بەنـوو کەعـب»، کـە ئـەم هـۆزە لـە ئەل-بەصـرە باریانخسـتووە و بـەرەو خۆرهـەڵات ڕۆیشـتوون)، ڕەچەڵەکـی ئەیيووبيەکانيـان بردووەتـەوە سـەر کەسـێکی عـەرەب بـە نـاوی «عەلیـی کـوڕی ئەحمـەدی موڕڕەیـی» (علي بـن أحمـد المُـرّي) لـە هـۆزی (بەنـو موڕڕەی کـوڕی عـەوف) لـە هۆزەکانـی سـەر بـە گەلەهـۆزی (غەطەفـان)، ئـەم ڕەچەڵەکـەش لـە مەجلیسـی ئەیيووبييەکـی دەسـەڵاتداری دیمەشـقدا خوێنراوەتـەوە کـە (عیسـای کـوڕی ئەحمـەد)ی نـاسراو بـە (الملـك المعظـم)ـە، بـرازای صەلاحوددیـن، و ئەمیـش بـۆ کـوڕی خـۆی ـ کـە داوودی نـاسراو بـە (الملـك النـاصر)ە ـ خوێندووەتـەوە، ئەمـەش سـاڵی (٦١٩ ك.).

ئینجا ئیبن خەللیـکان ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە لـە «مێـژووی حەلـەب»ی (ئیـبن ئەل-عەدیم)ـدا، کـە دیـارە مەبەسـتی کتێبـی «بغیـة الطلـب في تاریـخ حلب»ـە، بـاس کـراوە کـە ئەیيووبييەکـی تـر بـە نـاوی «ئیسـماعیل» کـە برازایەکـی تـری صەلاحوددیـن بـووە و فەرمانـڕەوای یەمـەن بـووە ڕەچەڵەکێکـی عەرەبیـی ئومەویـی بـۆ خـۆی سـاز کـردووە(١٦).

(ئیـبن واصیـل) (٦٠٤-٦٩٧ ك.) لـە «مفـرج الكـروب في أخبـار بنـي أیوب»ـدا، هەمـان سـەرەداوەکانی لای ئیـبن خەللیـکان، بـە درێـژەی زیاتـرەوە دەهێنێـت:




«مفرج الكروب في أخبار بني أيوب»ی (ئیبن واصیل)، سەرچاوەیەکی سەرەکیی مێژووی دەوڵەتی ئەیيووبی

ئیبن واصیل سەرەتا کە دەیەوێت ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ئەییووبی بخاتە ڕوو؛ دەڵێت ئەوەی کە جێی یەکدەنگیە ئەمەیە کە نەجموددین ئەییووب و ئەسەدوددین شێرکۆی برای؛ کوڕی شادیی کوڕی مەڕوانن، ئینجا ئیتر لەمە بەدواوە ناکۆکیی تێدایە: وتراوە: مەڕوان کوڕی موحەممەدی کوڕی یەعقووبە، وتراویشە کە مەڕوان کوڕی یەعقووب خۆیەتی «لا خلاف في أن الملك الأفضل نجم الدين أيوب ـ رحمه الله ـ والد الملوك، وأخاه الملك المنصور أسد الدين شيركوه، وهما ابنا شاذي بن مروان، ثم قيل إن مروان هو ابن محمد بن يعقوب، وقيل مروان هو ابن يعقوب نفسه»، ئینجا باسی ناکۆکی دەکات کە بنەچە و ئینتیمای خێڵەکی و نەتەوەیی بنەماڵەکەدا، و سەرەتا دەگێڕێتەوە لە (ئیبن ئەل-ئەثیر)ەوە کە ئەسڵی ئەییووبیەکان لە کوردانی (ڕەوادی)ـە کە ئەمانەش لقێکن لە (هەدەبانیەکان) «ذكر عز الدين بن الأثير ـ المؤرخ الموصلي ـ أن أصلهم من الأكراد الروادية، وهم فخذ من الهذبانية».

ئینجا دوای ئەمە ئیبن واصیل دەڵێت: کۆمەڵێك لە پاشایانی ئەییووبی بۆ خۆیان نکولییان لە ڕەچەڵەکی کوردی کردووە و وتوویانە «ئێمە عەرەبین، بووینەتە میوانی کوردەکان و ژنوژنخوازیمان لەگەڵ کردوون» («وأنكر جماعة من ملوك بني أيوب النسبة إلى الأكراد، وقالوا: «إنما نحن عرب، نزلنا عند الأكراد وتزوجنا منهم»»(١٧)، بەم شێوە گشتیە کە هەندێکیان خۆیان بە عەرەب زانیوە بەبێ دیاریکردنی خێڵێك یان بنەماڵەیەك لە عەرەب.

ئینجا ئیبن واصیل ئەو ڕەچەڵەکانە باس دەکات کە دەچنەوە سەر خێڵ و بنەماڵەی دیاریکراو لە عەرەب، کە هەندێکیان لافی ئەوەیان لێ داوەکە دەچنەوە سەر ئومەویەکان، و باس دەکات کە هەندێکیان هەر بەڕوونی ڕەچەڵەکێکی عەرەبیی ئومەوییان بۆ خۆیان ساز کردووە، ئەوەش بەتایبەتی ئەییووبییەکی ترە کە دەسەڵاتداری یەمەن بووە بە ناوی (إسماعیل) کە برازایەکی تری صەلاحوددینە، و بە «الملك المعز» ناوادرە و ناوی تەواوی بریتیە لە «الملك المُعِزّ إسماعيل بن سيف الإسلام ظهير الدين طُغْتَكِين بن أيوب»، ئەمیش ڕەچەڵەکی ئەییووبیەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ ئومەویەکان و ڕەچەڵەکێکی ئومەویانەی بۆ بنەماڵەی ئەییووبی ساز کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی پاش (توغتەکین) ی باوکی دەسەڵاتی یەمەنی هاتە دەست و خۆی ناو نا «المعز لدين الله» و خۆی بە خەلیفە لە یەمەن ڕاگەیاند، لە ڕۆژگاری ئەبو بەکر ئەحمەدی کوڕی ئەییووب (الملك العادل)ی مامیدا کە یەکێکە لە براکانی صەلاحوددین، کە ئەم مامەی بە درۆی خستووەتەوە و وتوویەتی: ڕاست ناکات، ئێمە بە ڕەچەڵەك ئومەوی نین «لقد كذب إسماعيل، ما نحن من بني أمية أصلا». بڕوانە ناڵێت ئێمە لە بنەڕەتەوە هەر عەرەب نین، بەڵکو وتوویەتی بە بنچینە ئومەوی نین!

ئەمەش ئەو ڕەچەڵەکە ئومەویە سازکراوەیە ئیبن واصیل تۆماری کردووە: «أيوب بن شاذي بن مروان بن الحكم بن عبد الرحمن بن محمد بن عبد الله بن محمد بن محمد بن عبد الرحمن بن الحكم بن هشام بن عبدالرحمن الداخل بن معاوية بن هشام بن عبدالملك بن مروان بن الحكم بن أبي العاص بن أمية بن عبد شمس بن عبد مناف». کە ئەمە ڕەچەڵەکی ئومەویەکانە و لە «عەبدو مەناف»ـدا لەگەڵ ڕەچەڵەکی پێغەمبەردا یەكدەگرنەوە(١٨).

ئینجا ئیبن واصیل ڕەچەڵەکە عەرەبیەکەی تر باس دەکات کە دەچێتەوە سەر بەرەی بەنو مورڕەی کوڕی عەوف لە عەرەب، و دەڵێت کۆمەڵێکی تر لە ئەییووبیەکان ئەم ڕەچەڵەکەیان بۆ خۆیان داناوە، کە یەکێك لەوانەی تۆماری کردووە بۆیان کەسێکە بە ناوی «ئەل-حەسەن کوڕی غەریب ئەل-حەرەسی» (الحسن بن غريب الحرسي) کە دیارە لە بنەڕەتدا میصریە [بەوەدا کە دراوەتە پاڵ گوندی «ئەل-حەرەس» لە میصر، ئەم «نیسبەت»ـە ڕاستتر دیارە بۆ کەسێکی سەدەی (٦-٧ ك.) لە دیمەشق]، و دەڵێت ئەم ڕەچەڵەکە هێنراوە بۆلای عیسا (الملك المعظم)، و لە دانیشتنێکی «سەماع»ـدا بۆی خوێنراوەتەوە و داوود (الملك الناصر)ی کوڕیشی هێناوە ئامادە بێت و گوێگر بێت، ساڵی (٦١٩ ك.)، و دەڵێت: ڕەچەڵەکەکە بەم جۆرەیە: «أيوب بن شاذي بن مروان بن أبي علي بن عنترة بن الحسن بن علي [بن أحمد بن علي] بن عبد العزيز بن هدبة بن الحصين بن الحارث بن سنان بن عمرو بن مُرَّة بن عوف»، لە کۆتاییشدا دەڵێت: ئەمە سەرجەمی هەموو ئەو شتانەیە دەربارەی ڕەچەڵەکیان وتراون، و خوا باشتر دەزانێت ڕاستیەکەی کامەیە(١٩).

بێ گومان ئەم ڕەچەڵەکانە ڕاست نین و هیچ بنچینەیەکی مێژوویيان نیە، هەتاکو هاتووە کە صەلاحوددین خۆی ئەوەی ڕەت کردووەتەوە، وەکوو ئیبن خەللیکان دەگێڕێتەوە کە لە ئیبن شەددادی بیستووە کە صەلاحوددین دوای ئەوەی ئەو ڕەچەڵەکە عەرەبی-ئومەویەی بیستووە؛ نکوولیی لێ کردووە و وتوویەتی: ئەمە هەر لە بنەڕەتەوە هیچ بنچینەیەکی نیە «ليس لهذا أصل أصلا»(٢٠).

ئیتر ئەم ڕەچەڵەکە ساختانە دوای ئەوە ساز کراون کە ئەییووبیەکان بوونەتە دەسەڵاتدار لە وڵاتانی عەرەبیدا و ئیتر هەندێکیان بە پێویستیان زانیوە ڕەچەڵەکی عەرەبی بۆ خۆیان ساز بکەن هەتا خۆیان بکەن بە بنەماڵەی عەرەبیی خانەدان و ڕەسەن. بەڵام ئیتر دیارە ئەییووبیەکان باسی کوردایەتیی خۆیان نەکردووە بە شێوەیەك کە ئەو قسەوقسەڵۆکانە دروست نەبن، بەڵکو دیارە هەندێکیان ئامادەش بوون بەتەواوی واز لە ڕەچەڵەکی کوردی بهێنن و ڕەچەڵەکی عەرەبی بۆ خۆیان ساز بکەن. و دیارە هەندێك ئەدیب و زانای ئایینیی دەوروبەریان کە عەرەب بوون هانیان داون بۆ سازکردنی ئەم ڕەچەڵەکە ساختانە.

## چ چاوەڕوانییەکمان لە صەلاحوددین و ئەییووبیەکان هەیە؟

## یاخود چ گلەییەك لە ڕەوتی مێژوو دەکەین؟

بۆ ئەوەی خوێنەر بە هەڵە لە مەبەست و ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە تێنەگات؛ دەبێت بڵێین کە ئێمە وەکوو ئەوانە ناکەین کە بە ناوی نەتەوایەتی و بە پاڵنەری ناسیۆنالیستی ستەم لە صەلاحوددین دەکەن و جاری وا هەیە بە ناپاك «خائین»یش ناوزەدی دەکەن. بەو پێیەی لەبریی ئەوەی خزمەتی «کێشەی نەتەوە»کەی خۆی بکات؛ خزمەتی بە کێشەی نەتەوەیەکی تر کردووە کە عەرەبی شام و میصرە و بۆ ئامانجی ئایینی نەتەوەیی نەتەوەیەکی تر تێکۆشاوە کە ئایینی ئیسلامە. بەم شێوەیە چاوەڕێن صەلاحوددین و ئەییووبیەکانی دوای خۆی لەبریی ئەوەی لە بیری ئامانجە ئیسلامیەکە و دەسەڵاتی بنەماڵەی خۆیاندا بن؛ لە بیری دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیدا بن و بە بیری ناسیۆنالیستی کار بکەن! ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە دەربارەی ئەو کەسێتیە و دەسەڵاتەکانی ئەو رۆژگارە، و پێویستیی بە پێداچوونەوە و ڕەخنەسازی هەیە. و ئێمە هەوڵ دەدەین نەکەوینە ئەم خلیسکەیەوە. ئەم جۆرە گوتارە لە سایەی بیرکردنەوەیەکەوە سازدەبێت کە لە چاوی ئەمڕۆوە سەیری مێژوو دەکات و دادگایی کارەکتەرەکانی دەکات، یان لە لایەن تیۆریساز و ئایدیۆلۆجیستێکەوە دادەڕێژرێت کە ناتوانێت بەدروستی و بە شێوەیەکی عەقڵانی و واقیعبین گوتار و تێڕوانینی خۆی دابڕێژێت، جگە لەوەش بەشێك لەم گوتارە لایەنی ڕکەبەر (مەبەست؛ تەوژمە ئیسلامیە کوردیەکە) لە هەوڵی شێواندنی بیری بەرامبەر و لە ڕێگەی هەڵەبێژیی داهۆڵ Straw-man Fallacyـەوە دەیهۆنێتەوە وەکوو ئامادەکارییەك بۆ وەڵامدانەوەی و ڕێگرتن لە هەر هۆشیارییەك لە پشتیەوە.

بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین ئەگەر ڕەوتی مێژوو بە جۆرێکی تر بووایە، بۆ نموونە؛ ئەگەر صەلاحوددین و ئەییووبیەکان بەگشتی لەبریی ئەوەی سەڵتەنەتێکی ئیسلامی لە میسر و شام دابمەزرێنن ـ کە ئەوە مافی خۆیان بووە وەکوو بنەماڵەیەکی خاوەن ئامانج و بەرزەفڕیی سیاسی کە لە میسر و شام هەل و بۆشاییەکیان بینیوەتەوە کە کردوویانەتە جێگە و پێگەی خۆیان ـ لەبریی ئەوە بهاتایە دەسەڵاتێکی ئیسلامییان لەناو کوردستاندا دامەزراندایە؛ ئێستە بۆ کورد شانازییەکی نەتەوەیی و مێژوویی دەبوو و بنچینەیەکیان دادەنا بۆ دەوڵەتی کوردی (و سازبوونی «نەتەوە»ی کورد لە خێڵ و گەلە خێڵ و «گەل» و ئێتنیکە کوردیە جیاوازەکان، کە ئەمە پرۆسەیەکە هەتا ئێستەش بە ئەنجام نەگەیشتووە)، و زمان و کولتووری کوردییان بەرەو پێش دەبرد. بۆیە گلەیی لە ڕەوتی مێژوو و ڕووداوەکان دەکەین، کە دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەییووبی هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ کورد وەکوو مێژوو و زمان و کولتوور و نەتەوە لێ نەکەوتەوە.

با بڕوانین: سەرکردە و دەسەڵاتدارە فارس و تورکەکان پێش سەردەمی صەلاحوددینیش دەوڵەت و

دەسـەڵاتیان لـە ناوچـە و نـاو نەتـەوەی خۆیانـدا دامەزرانـدووە و قۆناغێکیـان لـە مێـژووی نەتـەوەی خۆیانـدا تۆمـار کـردووە، بـەڵام دەسـەڵاتی ئەیووبیـەکان شـتێکی وای بـۆ کـورد لـێ بەرهـەم نەهـات. بنەماڵـە فەرمانڕەوا تورکیـەکان کارێکیـان کـردووە هەتاکـو لـە ناوچـەی گەلانـی تریشـدا زمـان و کولتـووری خۆیـان سـەپاندووە، وەکـوو لـە حاڵەتـی سـەلجووقیەکان و دەوڵەتـە تورکیەکانـی میراتبـەر و جێگرەوەیـان لـە ناوچەکـەدا، کـە ناسـنامە و زمانـی تورکیـان لـە ئەنـەدۆڵ و هەمـو ئاسـیای بچـووك کـردە «ئەمـری واقیـع»، و لـە باکـووری خۆرئـاوای ئێرانیـش گەلێکـی ئێرانیـی وەکـوو ئازەریەکانیـان کـردە گەلێکـی تورکیزمـان.


بۆیـە چاوەڕوانیەکـە لـە ئەیووبیـەکان ئـەوە نیـە کـوردی نەتەوەیـی بوونایـە و دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی کوردییـان دامەزراندایـە و ئامانـج و ئەجێنـدای نەتەوەییـان ببوایـە و وەکـوو ناسیۆنالیسـت کاریـان بکردایـە، بـەڵام واقیعـە مێژووییەکـە ئەوەیـە کـە دەسـەڵاتێکی ئیسـلامیی کـوردی یـان کوردستانییشـیان دانەمەزرانـدووە، و دەسەڵاتەکەشـیان لـە ناوخـۆی کوردسـتاندا نەبـووە و پایتەختەکـەی و قورسـاییە سیاسـی و شارسـتانیەکەی لـە کوردسـتاندا نەبـووە، یـان ـ بـەلای کەمـەوە ـ هەوڵیـان نـەداوە دەسـەڵاتی بنەماڵەکەیـان کوردسـتانیش بگرێتـەوە. دەزانیـن کـە دەوڵەتـی ئەیووبـی لـە میسـر و شـام [و باکـووری سـوودان و کەمێـك لـە باکـووری لیبیـای ئێسـتە و خۆرئـاوای نیمچەدوورگـەی عەرەبـی هەتـا دەگاتـە یەمەنیش]ـدا بـوو و جگـە لـە ناوچەکانـی خۆرئـاوای کوردسـتان [بـەو پێیـە کـە درێـژەی وڵاتانـی شـامن] و هەندێـك لـەو شـارانەی ئێسـتە دەکەونـە کوردسـتانی باکـوورەوە [ئەوانـەش وەکـو: نیصیبیـن، مەییافاریقیـن، ئورفـە، ماردیـن] ئیـتر ئـەو دەوڵەتـە کوردسـتانی نەگرتووەتـەوە، و پایتەختەکەشـی لـە میسـر بـوو. واتـە دەسـەڵاتی کردەیـی و ڕاسـتەوخۆیان لـە کوردسـتاندا نەبـووە، جگـە لـە هەندێـك ناوچـەی ئەوپـەڕی خۆرهەڵاتـی باکـووری کوردسـتان.




نەخشەیەکی مێژوویی کە سنووری (سەڵتەنەتی ئەییووبی) دەنوێنێت

لە قۆناغێکدا صەلاحوددین شارەزوور و هەولێری هاتووەتە دەست (وەکوو بەشێک لە میراتی دەوڵەتی زەنگی)، بەڵام وەکوو بنەماڵە بایەخیان بە ناوچەکە نەداوە، و ئەوە نەبووەتە هۆی بەجێهێشتنی مۆرکێکی کوردی-ئەییوبی لە ناوچەکەدا. بەڵکوو صەلاحوددین کەسێك لە بنەماڵەیەکی تورکمانی دەستڕۆیشتووی هەولێر دەکاتە فەرمانڕەوای هەولێر و شارەزوور، کە ئەویش سوڵتان (موظەففەڕوددین گۆکبۆری)ـە، کە جگە لەوەی کردبوویە زاوای خۆی (ڕەبیعە خاتوونی خوشکی دابوویە) و کردیە بەشێك لە بنەماڵە؛ کردیشی بە فەرمانڕەوا و جێگر لە هەولێر و شارەزوور [کە پێشتریش (زەینوددین عەلی کۆچەك)ی باوکیشی فەرمانڕەوای هەولێر بووە، وەکوو جێگر و دانراوی قوطبوددین زەنگی، فەرمانڕەوای مووسڵی ڕۆژگاری خۆی لە بنەماڵەی زەنگی، کە پێشتر عیمادوددین زەنگیی باوکی قوطبوددین هەولێری لە سەلجووقیەکان بە ڕێکەوتنێک وەرگرتبوو، شارەزووریش پێشتر عیمادوددینی ناوبراو لە دەستی ئەمیرێکی تورکمانی ـ کە ناوی بە شێوەی «قیفجاق کوڕی ئەریسلان تاش» هاتووە ـ دەرهێنا). کە بێ گومان ئەم فەرمانڕەواییە ڕۆڵی هەبووە لە تۆخکردنەوەی دیمەن و سیمای تورکمانیی شاری هەولێر، لەبریی تۆخکردنەوەی مۆرکێکی کوردی. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە تا چ ڕادەیەك صەلاحوددین لە بیری ئەوەدا بووە ئەو ناوچانەی کە «کوردستان»ـیان پێ دەوترێت لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵە تورکیەکان دەربهێنێت و بیانهێنێتە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەکەی خۆی؟ ڕەنگە لە بیری ئەو ئامانجەدا بووبێت، نەك بە پاڵنەری نەتەوەیی بەڵکوو بە پاڵنەری بەرژەوەندیی بنەماڵەیی و وەکوو کێشمەکێشێك لەنێوان بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ئەو ڕۆژگارە، بەڵام نیشانەگەلێکی تەواویش بۆ ئەم ئامانجە نابینینەوە، بەڵکوو ئەو ڕۆڵەی دابوویە گۆکبۆری نیشانەیەکە کە ئەو ئامانجە دەکاتە جێی گومان، یانی ئەوە پێشان دەدات کە صەلاحوددین هیچ کێشەی نەبووە لەگەڵ فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداری تورکمان ئەگەر سەر بە خۆی بن و دڵسۆزیی بۆ بنوێنن. بەم شێوەیە دواییش مێژووی دوو سەدەی دەوڵەتی ئەیووبی نەبووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە تورکمانەکان بەسەر کوردستانەوە کورت ببێتەوە، نە بە مەبەست و نەخشە، و نە بە ڕێکەوت و ئەنجامی بەرژەوەندی و کێشمەکێشی بنەماڵەییش.

ئینجا کەلەپوور و میراتی دەوڵەتی ئەییووبی بەتەواوی بووەتە کەلەپوورێکی عەرەبی. زمانی ئەو دەوڵەتە بێ گومان عەرەبی بووە، مێژووی صەلاحوددینیش بە عەرەبی نووسراوەتەوە، و ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە بە عەرەبی بووە. ئەییووبیەکان لە دەرەوەی کوردستان بوونەتە دەسەڵاتدار و مێژوویان دروستکردووە، و ئەو مێژووەی تۆماریانکردووە بەشێکە لە مێژووی عەرەبی-ئیسلامی نەك مێژووی کوردی یان کوردی-ئیسلامی. ئێستەش میراتەکەیان بۆ وڵاتانی عەرەبیی وەکوو میسر و شام ماوەتەوە، هەر بۆ نموونە: ئێستەش ئاڵای هەڵۆ «نسر»ەکەی صەلاحوددین دروشمی دەوڵەتی عەرەبیی میسر و هەندێك دەوڵەتی عەرەبیی تریشە وەکوو عێراق.



هەڵۆکەی صەلاحوددین، دروشمی دەوڵەتی ئەییووبی



دروشمی میصر، ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٨




دروشمی ئێستای میصر




دروشمی عێراق، ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٤

ئێمە دەڵێین: با صەلاحوددین و ئەییووبیەکان پشتیوانی سەرسەختی ئیسلام و ئیسلامی سوننی بوونایە و دەوڵەتێکی ئیسلامیی سوننییان دامەزراندایە، بەڵام لەناو کوردستان و بە زمانی کوردی و بە ناوی بنەماڵەیەکی کوردەوە بیانکردایە، وەکوو ئەوەی ـ بۆ نموونە ـ بووەیهیەکان و سەلجووقیەکان کردیان بۆ خۆیان کە زانراوە پێش ئەییووبیەکان بوون. سەرنج دەدەین هەر ئەو کاتە لە ڕۆژگاری سەلجووقیەکاندا، هەرچەند زمانی ئەدەبی فارسی بووە بەڵام لە هەمان کاتیشدا زمانی تورکی و ئەدەبیاتی تورکی و داستانە تورکیەکان بوژاونەتەوە، جگە لەوەی ناسنامەی تورکییان لە ئەنەدۆڵ کردە ئەمری واقیع. پێشتریش بنەماڵە پارسیەکان لە دەرەوەی هەرێمی فارسیش زمان و ناسنامەی پارسییان کردە ئەمری واقیع، و وڵات و هەرێمگەلێکیان لە خۆرهەڵاتی ئێرانی گەورە کردە فارسیزمان.

لە سایەی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی ئیسلامیی ـ بەڵام ـ کوردیی لە کوردستانی سەدەکانی ناوەڕاستدا؛ مێژوومان نەك هەر لە لایەنی سیاسی و خۆڕێبەری و شارداری و قەڵادارییەوە لاواز و هەژارە، بەڵکو هیچ دەقێکی ئیسلامیی کۆنیشمان بە زمانی کوردی نیە، هیچ نەبێت وەرگێڕانێك یان ژێرنووسێکی کوردی بۆ قورئان (کە «موصحەف»ی کۆنینەی ژێرنووسکراو بە وەرگێڕانی فارسی و تورکیی عوسمانی لە کتێبخانەکانی جیهاندا زۆرن)، یان «تەفسیر»ێك بە زمانی کوردی، یان هەتا کتێبێکی ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئایینی بە کوردی. چونکە دەسەڵات و سیاسەتێکی ناوخۆیی و ناوەندی نەبووە هانی ئەمانە بدات. بە حاڵی زمانێکی ئێرانیی کەمبایەخی وەکوو زمانی مازەندەرانی، یاخود تەبەرستانی، هەندێك دەستنووسی قورئان و «تەفسیر»ی قورئانی لێ بەجێماوە، کە بە زمانێکی مازەندەرانیی کۆن و بە ژێرنووس وەرگێڕانی قورئانیان لەسەرە (کە ئەو زمانە تەبەریە کۆنە ئێستە لە ئێران بە «طبری قرآن» ئاماژەی بۆ دەکرێت)، و بۆ ئەمڕۆ بەڵگەیەك و نموونەیەکی بەنرخە بۆ زمانی مازەندەرانی لە سەردەمانی ئیسلامیی ڕابردوودا. بەڵام هیچ نەبێت شتێکی لەم شێوەیەش بە زمانی کوردی لەو سەردەمانەوە (پێش ١٠٠٠ی کۆچی) بۆمان نەماوەتەوە، کە بتوانین ئێستە بۆ نووسینەوەی مێژووی وشەی کوردی سوودی لێ ببینین. ئەمە داخ و خەمە قوڵەکەیە.


بسم الله الرحمن الرحيم
انا اعطيناك الكوثر فصل لربك وانحر ان شانئك هو الابتر

دەستنووسێکی قورئان و «تەفسیر»،
لەگەڵ ژێرنووسی تەبەری

ئەگـەر ئەییووبیەکانیـش لەنـاو کوردسـتاندا دەوڵەتـی ئیسـلامییان دامەزراندایـە و دەسـەڵاتەکەیان ببوایـە بـە هـۆی بوژانـەوەی زمانـی کـوردی و خەملینـی کەلەپوورێکـی کـوردی (مەبەسـت؛ ئیسـلامی-کوردی)، و مێژووەکەیـان ببوایـە بـە بەشـێك لـە مێـژووی کـورد و کوردسـتان، و کۆمەڵێـك شـار و قـەڵا و قـەڵاکاری و کتێبخانـە و مۆزەخانـە و خوێندنگـە و مزگەوتـی گـەورە و باڵەخانـەی کەلەپـووری و شـوێنەواری مێژووییـان بـۆ ئێمـە بەجێبهێشـتایە؛ ئێسـتە ئێمـە سوپاسـگوزاریان دەبویـن (بـۆ تەوژمـە ئیسـلامیە سـوننیە کوردیەکـەش بناغەیەکـی پتـەو دەبـوو). بـەڵام ئـەوان تەنها یەکێکـن لـەو بنەماڵـە دەسـەڵاتدارانەی کـە بەشـێك لـە مێـژووی وڵاتانـی عەرەبییـان پێکهێنـاوە. هیـچ نەبێـت گۆڕێکیشـیان لـە کوردسـتاندا بەجـێ نەهێشـتووە. ئێسـتەش گڵکـۆی صەلاحوددیـن لـە پەنـای (مزگەوتـی ئومەوی)ـە لـە دیمەشـق، کـە سـەرەتا لـە (قـەڵای دیمەشـق) نێـژراوە، بـەڵام دوایـی گواسـتراوەتەوە بـۆ ئارامگایـەك کـە گومەزێکـی بەسـەرەوەیە لـە پەنـای دیوارێکـی مزگەوتـی ئومـەوی.

ئەمانـە نـە دادگایـی صەلاحوددیـن و ئەییووبیـەکان بـوون، و نـە هەتـا گلەییـش بـوون لێیـان، بـەڵام ڕوونکردنـەوەی واقیعـە مێژووییەکەیـە، کـە ئەگـەر ڕەوتـی مێـژوو بـەم جـۆرەی کـە ئەندێشـەی دەکەیـن بگەڕایـە؛ کـورد بەگشـتی سـوودمەند دەبـوو لـە هەبوونـی دەوڵەتـی ئەییووبـی، و ئـەم دەوڵەتـە دەبـوو بـە بەشـێکی گرنـگ و دامەزرێنـی لـە مێـژووی سـەردەمی ناوەڕاسـتی دوایینـی کوردسـتان، و دەبـووە ناوەنـد و گوێـزەرەوە و بەردەبازێکـی بەهێزیـش بـۆ سـەردەمی نـوێ. بـەڵام واقیعـە مێژووییەکـە بـە جۆرێکـە کـە خۆمـان لـە ئاست بنەماڵەیەکـی بەهێـزی بـە ڕەچەڵـەك کـورددا دەبینینـەوە، کـە تەنها شـانازیی ئەوەمـان بـۆ دەمێنێتـەوە کـە بـە ڕەچەڵـەك و خوێـن کـورد بـوون، و تەنها دەبنـە نموونەیـەك بـۆ خۆبەخشـی و بەشـداریی کـورد لـە شارسـتانێتی و مێـژووی ئیسـلامی و لـە بنیاتنانـی دەوڵـەت و قەوارەکانـی ئیسـلامی سـوننیی عەرەبـی

و تورکیـدا، و دەبنـە زەقتریـن ناونیشـانی وابەسـتەیی کـوردی موسـوڵمانی سـوننی بـەم ئیسـلامە سـوننیەوە وەکـوو ڕێبـازی ئاییـنی و تەوژمـی سیاسـی.




گڵکۆی صەلاحوددین، لە دیمەشق



پەیکەری صەلاحوددین لە دیمەشق

## پەراوێز:

(١) أبو شامة، كتاب الروضتين. جـ ٢، صص. ١٧-١٨. هەروەها: ابن كثير، البداية والنهاية. جـ ١٢، ص. ٣١٥.

(٢) أبو شامة، كتاب الروضتين. ٢، ١٠. ابن واصل، مفرج ١٩٥٧. جـ ١، ص. ١٤٩. الصفدي، الوافي بالوفيات. ٢٩، ٥١. ابن كثير، البداية والنهاية. ١٢، ٣١٤.

(٣) ابن شداد، النوادر السلطانية. ص. ٥٧: (صبره واحتسابه رحمة الله عليه): «ولقد رأيته رحمه الله بمرج عكا وهو على غاية من مرض اعتراه بسبب كثرة دماميل كانت ظهرت عليه من وسطه إلى ركبتيه بحيث لا يستطيع الجلوس وإنما يكون منكبا على جانبه إن كان بالخيمة، وامتنع من مد الطعام بين يديه لعجزه عن الجلوس وكان يأمر أن يفرق على الناس، وكان مع ذلك قد نزل بخيمة الحرب قريبا من العدو، وقد رتب الناس ميمنة وميسرة وقلباً تعبية القتال، وكان مع ذلك كله يركب من بكرة النهار إلى صلاة المغرب يطوف على الأطلاب صابراً على شدة الألم وقوة ضربان الدمامل، وأنا أتعجب من ذلك، فيقول: إذا ركبت يزول عني ألمها حتى أنزل، وهذه عناية ربانية». ابن واصل، كتاب الروضتين. جـ ٤، ص. ٣٩٥.

(٤) ابن العديم، زبدة الحلب ص. ٣٥١: «فاستتبت أحواله، وبذل المال، وتاب عن شرب الخمر، وأخذ في الجد والتشمير في أموره كلها». أبو شامة، كتاب الروضتين. جـ ٢، ص. ٦٩: «وفَوض الْأَمر بعده إِلَى صَلَاح الدّين واستقرت الْقَوَاعِد واستتبت الْأَحْوَال على أحسن نظام وبذل الْأَمْوَال وَملك الرِّجَال وهانت عِنْده الدُّنْيَا فملكها وشكر نعْمَة الله تَعَالَى عَلَيْهِ فَتَابَ عَن الْخمر وَأعْرض عَن أَسبَاب اللَّهْو وتقمص بلباس الْجد وَالِاجْتِهَاد وَمَا عَاد عَنهُ وَلَا ازْدَادَ إِلَّا جدا إِلَى أَن توفاه الله تَعَالَى إِلَى رَحمته». ابن خلكان، وفيات الأعيان. جـ ٧، ص. ١٥١. ابن واصل، مفرج الكروب. جـ ١، ص. ١٦٨. أبو الفداء، المختصر. جـ ٣، ص. ٤٨: «ولما فوض الأمر إلى صلاح الدين، تاب عن شرب الخمر وأعرض عن أسباب اللهو، وتقمص لباس الجد، ودام على ذلك إلى أن توفاه الله تعالى». الذهبي، تاريخ الإسلام. جـ ١٢، ص. ٢١٩: «قال القاضي بهاء الدين بن شداد: كانت الوصيَّة إلى صلاح الدّين من عمِّه، ولمّا فُوِّض إِلَيْهِ تاب من الخمر وأعرض عَنِ اللَّهْو. جـ ١٢، ص. ٨٩٣: « وكان شِحْنَة دمشق، ويشرب الخمر، فمُذْ باشَر المُلْك طلق الخمر واللّذّات». الذهبي، سير أعلام النبلاء. جـ ٢١، ص. ٢٧٩: «وَمنذ تسلطَنَ، طَلّق الخَمْرَ وَاللَّذَّات». جـ ٢١، ص. ٢٨٢: «وَكَانَ صَلاَح الدِّيْنِ شِحْنَة دِمَشْق، فَكَانَ يَشرَب الخَمْر، ثُمَّ تَابَ، وَكَانَ مُحبّباً إِلَى نُوْر الدِّيْنِ يُلاعبُه بِالكُرَة». العمري، مسالك الأبصار. جـ ٢٧، ص. ٩٠: «ولما فوّض الأمر إلى صلاح الدين تاب عن شرب الخمر، وأعرض عن أسباب اللهو، وتقمص لباس الجد، ودام على ذلك إلى أن توفاه الله عز وجل». اليافعي، مرآة الجنان. جـ ٣، ص. ٣٣٦.

(٥) الذهبي، سير أعلام النبلاء. جـ ٢١، ص. ٢٨٢.

(٦) الذهبي، تاريخ الإسلام. جـ ١٢، ص. ٨٩٣.

(٧) الذهبي، سير أعلام النبلاء. جـ ٢١، ص. ٢٧٩.

(٨) ئیبن کەثیر دەڵێت (ئەل-ئەفضەل) دوای مردنی باوکی خراپ کارەکانی بردبەڕێوە، بۆ نموونە؛ فەرماندە و پیاوانی تایبەتی باوکی دوورخستەوە و خەڵکانی تری لە خۆی نزیك کردەوە، ئینجا دەڵێت: سەری کردە سەر خواردنەوەی مەی و ڕابواردن و گاڵتەوگەپ. دەشڵێت: ضیاء ئەل-دین (ئیبن ئەل-ئەثیر)ی وەزیری بەسەریدا زاڵ ببوو و ئەم بوو کە بەو ئاقارەیدا دەبرد، ئیتر هەردووکیان فەوتان و گومڕا بوون، و خێروخۆشیەکەیان تا سەر نەبوو. بڕوانە: ابن كثير، البداية والنهاية. جـ ١٣، ص. ١٢: «وَكَانَ الْأَفْضَلُ بَعْدَ مَوْتِ أَبِيهِ قَدْ أَسَاءَ التَّدْبِيرَ فَأَبْعَدَ أُمَرَاءَ أَبِيهِ وَخَوَاصَّهُ، وَقَرَّبَ الْأَجَانِبَ وَأَقْبَلَ عَلَى شُرْبِ الْمُسْكِرِ وَاللَّهْوِ وَاللَّعِبِ، وَاسْتَحْوَذَ عَلَيْهِ وَزِيرُهُ ضِيَاءُ الدِّينِ بْنُ الْأَثِيرِ الْجَزَرِيُّ، وَهُوَ الَّذِي كَانَ يَحْدُوهُ إِلَى ذَلِكَ، فَتَلِفَ وَأَتْلَفَهُ، وَضَلَّ وَأَضَلَّهُ، وَزَالَتِ النِّعْمَةُ عَنْهُمَا..».

(٩) ابن الأثير، الكامل. جـ ٩، ص. ٣٤٢.

(١٠) أبو شامة، كتاب الروضتين. جـ ١، ص. ٤٠٣.

(١١) ناوی «أران» کە هەندێك بە شێوەی «ئاران» دەیخوێننەوە؛ لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا [کە بە شێوەی «أرَّان» و «الرَّان» نووسراوە] بە |ئەڕڕان| دەخوێنرێتەوە. لە پەهلەوییشدا ناوەکە هەر «ئەڕڕان» بووە، بە شێوەی «ئەرهان» و «ئەردهان» یش هاتووە. کە ئەمە ناوچەیەکی مێژوویی کۆنە لە قەوقاز ئێستە دەکەوێتە کۆماری ئازەربەیجان.

(١٢) دەقەکە نووسراوە «بلاد الكرج» کە مەبەستی «بِلاد الكُرْج»ـە یانی «گورجستان». بەڵام هەندێك ئەمە بە «وڵاتی کەرەج» لێكدەدەنەوە، و ئەم هەڵەیە هەتاکو (محمود الأرناؤوط) (١٩٥٤-)ـیش، پسپۆڕی مێژووی ئیسلامی، کردوویەتی کە ساخکەرەوەی کتێبی «شذرات الذهب في أخبار من ذهب»ـە و لە پەراوێزی خۆیدا لەسەر ئەو دەستەواژەیە کە (ابن العماد) یش نەقڵی کردووە.. ئەویش ـ لە (یاقوت)ـەوە نەقڵ دەکات ـ وەکو ڕاڤە نووسیویەتی «والكرج: مدينة بين همذان وأصبهان»، واتە شارێکە لەنێوان هەمەدان و ئەصفەهان». بڕوانە: ابن العماد، شذرات الذهب. جـ ٦، ص. ٤٨٩ (هامش). واتە ئەمیش بە «کەرەج» تێگەیشتووە، هەرچەند ئاشکرایە کە ئەو «کەرەج»ـەی (یاقوت) باسی کردووە و دەڵێت لە هەمەدانەوە نزیك بووە؛ جیاوازە لەو «کەرەج»ـەی ئێستە مەشهوورە و سەر بە شارستانی تارانە. بەڵام لە ڕاستیدا مەبەست لە «بلاد الكرج» لەو دەقەی (ئیبن خەللیکان)ـدا کە دواتر زۆر لێی نەقڵ کراوە؛ (وڵاتی گورج)ـە واتە (گورجستان) یانی نیشتمانی گەلی گورجی. هەر شێوەی دەستەواژەکە «بلاد الكرج» دیارە کە «الكرج» ناوی گەلێکە، چونکە کاتێك لە عەرەبیدا دەوترێت «بلاد ...» وەکوو ئەوە وایە بوترێت «...ستان»، وەکو «بلاد الهند» یانی «هیندستان»، «بلاد الكرد» یانی «کوردستان». ئینجا «بلاد الكرج» ێك کە هاوسنووروی «ئەڕڕان» بێت و بکەوێتە ئەولای کۆتایی ئازەربەیجان؛ هەر دەبێت

بکاتـه «وڵاتـی گورجیـەکان» نـەك «شـاری کـەرەج»!

(١٣) ابن خلكان، وفيات الأعيان. جـ ٧، ص. ١٣٩-١٤١.

(١٤) بۆ درێژەی زیاتری باسەکە لای مینۆرسکی؛ بڕوانە:

Minorsky, V., Studies in Caucasian History: I. New Light on the Shaddadids of Ganja II. The Shaddadids of Ani III. Prehistory of Saladin. PP. 115 ,114.

(١٥) ابن شداد، النوادر السلطانية. ص. ٧٠.

(١٦) ابن خلكان، وفيات الأعيان. جـ ٧، صص. ١٤٠، ١٤١.

(١٧) ابن واصل، مفرج الكروب. جـ ١، ص. ٣: (ذكر نسب بنى أيوب).

(١٨) ابن واصل، مفرج الكروب. جـ ١، صص. ٣، ٤.

(١٩) ابن واصل، مفرج الكروب. جـ ١، صص. ٤-٦.

(٢٠) ابـن خلـكان، وفيـات الأعيـان. جــ ٧، ص. ١٤١: «وسـمعت شـيخنا القـاضي بهـاء الديـن المعـروف بابـن شـداد يحـكي عـن السـلطان صـلاح الديـن أنـه أنكـر ذلـك وقـال: ليـس لهـذا أصـل أصـلا».

## سەرچاوەکان:

ابـن الأثـير، الكامـل في التاريـخ. تحقيـق: عمـر عبـد السـلام تدمـري. بـيروت: دار الكتـاب العـربي. الطبعـة الأولى، ١٩٩٧.

ابـن العديـم، زبـدة الحلـب في تاريـخ حلـب. تحشـية: خليـل المنصـور. بـيروت: دار الكتـب العلميـة. الطبعـة الأولى، ١٩٩٦.

ابـن العـماد، شـذرات الذهـب في أخبـار مـن ذهـب. تحقيـق: محمـود الأرنـاؤوط. تخريـج: عبـد القـادر الأرنـاؤوط. دار ابـن كثـير، دمشـق – بـيروت. الطبعـة الأولى، ١٩٨٦.

ابـن خلـكان، وفيـات الأعيـان وأنبـاء أبنـاء الزمـان. تحقيـق: إحسـان عبـاس. بـيروت: دار صـادر. الطبعـة الأولى، ١٩٩٤.

ابن كثير، البداية والنهاية. تحقيق: علي شيري. دار إحياء التراث العربي. الطبعة الأولى، ١٩٨٨.

ابن واصل، مفرج الكروب في أخبار بني أيوب. تحقيق: جمال الدين الشيال. القاهرة، مطبعة جامعة فؤاد الأول، ١٩٥٣.

أبو الفداء، المختصر في أخبار البشر. القاهرة: المطبعة الحسينية المصرية. الطبعة الأولى.

أبو شامة، كتاب الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية. تحقيق: إبراهيم الزيبق. بيروت: مؤسسة الرسالة. الطبعة الأولى، ١٩٩٧.

الذهبي، تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام. تحقيق: بشار عواد معروف. بيروت: دار الغرب الإسلامي. الطبعة الأولى، ٢٠٠٣.

الذهبي، سير أعلام النبلاء. تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف شعيب الأرناؤوط. بيروت: مؤسسة الرسالة. الطبعة الثالثة، ١٩٨٥.

شداد، النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين الأيوبي). تحقيق: جمال الدين الشيال. القاهرة: مكتبة الخانجي. الطبعة الثانية، ١٩٩٤.

الصفدي، الوافي بالوفيات. تحقيق: أحمد الأرناؤوط، تركي مصطفى. بيروت: دار إحياء التراث. ٢٠٠٠.

العمري، ابن فضل الله، مسالك الأبصار في ممالك الأمصار. أبو ظبي: المجمع الثقافي. الطبعة الأولى، ١٤٢٣ هـ.

اليافعي، مرآة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان. تحشية: خليل المنصور. بيروت: دار الكتب العلمية. الطبعة الأولى، ١٩٩٧.

Eddé, Anne-Marie, Saladin. Translated by Jane Marie Todd. Belknap Press of Harvard University Press, 2014.

Minorsky, V., Studies in Caucasian History: I. New Light on the Shaddadids of Ganja II. The Shaddadids of Ani III. Prehistory of Saladin. (Cambridge Oriental Series, Book 6). Cambridge University Press, 1953.